**حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**زانکۆی سەلاحەددین_ هەولێر، کۆلێجی پەروەردە_ مخموور**

**بەشی زمانی کوردی، قۆناغی دووەم**

# ( Course book پەڕتووکی خولی خوێندن )

| | |
|---|---|
| **ناوی بابەت** | **ڕستەسازی تیۆری**<br>**علم النحو النظري**<br>Theory syntax |
| **قۆناغ** | **دووەم** |
| **ژمارەی کاتژمێر** | **( ٣ ) کاتژمێر** |
| | |
| **ناوی مامۆستای ماددە** | **د. أمیر محمد محمدأمین** |
| **ئیمەیل** | Amir.muhammadamin@su.edu.krd |

**ساڵی خوێندن**

**٢٠٢٣ _ ٢٠٢٤**

## پێشەکی

سەرەتا ناتوانیین لە زۆربەی کێشەکانی وشەسازی بگەین، ئەگەر لێکۆڵینەوە لە ( فۆن )دەنگەکانی زمان نەکەین. بە هەمان شێوە ژمارەیەکی زۆر لە کێشەکانی ڕستەسازی، ئەگەر پێشتر لێکۆڵینەوەمان لە وشەسازی نەکردبێت، ناتوانیین لێیان تێ بگەین. بەم شێوەیە زۆربەی زمانەوانە نوێیەکان وای دەبینن، کە لێکۆڵینەوە لە ڕستەسازی و وشەسازیدا لە ژێر یەك بەش دایە، لەم بارەشدا پێی دەڵێن ( ڕێزمان _ grammar ) ، کە ئەمانە دەگرێتەوە:

أ_ وشەسازی ( morphology):

ب_ ڕستەسازی ( syntax ):

ئەم ڕایە لە سەر ئەم بنچینەدا بنیاتنراوە، کە وشەسازی پێشەکیەکی پێویستە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕستەسازیدا.

هەروەها بابەتی ڕستەسازی یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی بواری زمانناسی، خودی ڕستەسازیش زانستێکە لە ڕستە دەکۆڵێتەوە یاخود لەچۆنیەتی ڕێزبوونی کەرستەکانی ناو ڕستە دەکۆڵێتەوە .

ئەم بابەتە لە ڕوانگەی قوتابخانەکانی ( زمانناسی ) لە ( ڕستە ) دەکۆڵێتەوە و تایبەتمەندییە ڕستەسازییەکان لە بنیاتی زمان دەکاتە ئامانج، چونکە ڕستەسازی بەرنامەیەکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕستە و فرێز و وشە، لە سەرەتادا قوتابخانەی زمانەوانی کۆن لای هیندییەکان لەسەر دەستی پانینی، دواتر لای یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکان پاشان لە سەردەمی نوێدا لای زمانناسی گەورەی جیهان نعوّم چۆمسکی، بە جۆرێك چۆمسکی تائێستا چەندین بڕوانامەی ڕێزلێنانی لە بواری زمانەوانی بەگشتی و ڕستەسازی بەتایبەتی وەرگرتوە، دیارە ئەم بڕوانامانەش بەشێوەیەکی ڕەمەکیانە نەبووە ، بەڵکو دوای هەڵسەنگاندنی کارەکانی لەلایەن چەندین زانکۆ و پەیمانگەی گەورەی جیهان ئەنجامدراوە وەکو ( زانکۆی لەندەن، زانکۆی شیکاگۆ، ئۆکسفۆرد ..... ).

## ئامانجی گشتی

١- بەرەو پێشبردن و خزمەتکردنی زمانی کوردی و بەرهەمهێنانی نەوەیەکی نوێی شارەزا بە زانستە نوێیەکانی لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن لە فرەیی ئاڕاستەکانی لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن لە نرخ و بەهای زمان بە گشت و ڕستەسازی بەتایبەتی .

٢- خوێندنی ڕستەسازی ڕێگەیەکە بۆ بەرەو پێشبردن و دەوڵەمەندکردنی ڕۆشەنبیری نەتەوەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی زمانی کوردی لە ناوەندەکانی خوێندن و لە تەواوی کەناڵەکانی دیکە بە شێوەیەکی گشتی .

**ئامانجی تایبەتی**

١- ڕاهاتن وئاشناکردنی خوێندکارو قوتابی بە ڕستەو زانستی ڕستەسازی .

٢- شارەزابوونی خوێندکارو قوتابی بۆ چۆنییەتی سود وەرگرتن لە تەکنییکە نوێیەکانی لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستی زانکۆکانی جیهان .

٣- بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندکارو قوتابی و بەهرەمەندبوونی، تاکو لە داهاتوودا بە جوانترین شێواز پرۆگرامەکانی خوێندن پێشکەشی قوتابییەکانی خۆی بکات.

## پرۆگرامی ڕستەسازی بۆ قۆناغی دووەم

## ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣ – ٢٠٢٤

| ڕێککەوت | بابەت | لکی بابەت |
|---|---|---|
| هەفتەی ١ | پێناسەو چەمکی ڕستەو ڕستەسازی | _ بە بۆچونی کۆن<br>_ بە چۆنی نوێ |
| هەفتەی ٢ | ئەرکەکانی ڕستە | ١- ڕستەی ڕێزمانی و ڕستەی نارێزمانی<br>٢_ جووڵەکردنی کەرەسەکانی ڕستە<br>٣_ تەمومژی ڕستە<br>٤_ کەرەسەی سەرەکی و کەرەسەی ناسەرەکی |
| هەفتەی ٣ | ١_ تایبەتمەندی ڕستەسازی<br>٢_ بنەمای ڕستەسازی بۆ جیاکردنەوەی پۆڵە فۆڕمەکان<br>. | |
| هەفتەی ٤ | پۆڵینکردنەکانی ڕستە لە ڕووی ڕوخسارەوە | ڕستەی سادە :<br>_سادەترین ڕستە<br>_ڕستەی سادەی ئاسایی |

دکتۆر ئەمیر موحەمەد

| | | |
|---|---|---|
| | | _ڕستە ی سادەی فراوانکراو |
| هەفتەی ٥ | پۆلێنکردنەکانی ڕستە | ڕستەی لێکدراو :<br>أ- ڕستەی لێکدراوی هاوڕێ<br>ب- ڕستەی لێکدراوی نەرێنی<br>ج- ڕستەی لێکدراوی هەڵبژاردن<br>د- ڕستەی لێکدراوی پێچەوانەیی |
| هەفتەی ٦ | پۆلێنکردنەکانی ڕستەکان | ڕستەی ئاڵۆز:<br>أ- شاڕستە<br>ب- پاڕستە |
| هەفتەی ٧ | ڕستە لەڕووی ناوەڕۆکەوە | ١_ هەواڵگەیاندن<br>٢_ ڕستەی پرسیاری<br>٣_ ڕستەی فەرماندان و داخوازی<br>٤_ ڕستەی سەرسووڕمان |
| هەفتەی ٨ | ڕستە لەڕووی ناوەڕۆکەوە | ٥_ ڕستەی بانگکردن<br>٦_ ڕستەی پاڕانەوە (دوعاکردن)<br>٧_ ڕستەی ڕاپەڕاندن<br>٨_ ڕستەی سوێند خواردن |

دکتۆر ئەمیر موحەممەد

| | | |
|---|---|---|
| | | ٩_ ڕستەی جێخۆشکردن |
| هەفتەی ٩ | کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستە<br>١- بکەر | جۆرەکانی بکەر<br>١- بکەری ڕێزمانی<br>٢- بکەری لۆجیکی<br>٣- بکەر دیار<br>٤- بکەر نادیار<br>٤- بکەر نادیاری ئاماژەپێکراوە |
| هەفتەی ١٠ | ٢- بەرکار | ١- بەرکاری ڕاستەوخۆ<br>٢- بەرکاری ناڕاستەوخۆ |
| هەفتەی ١١ | ٣- نیهادو گوزار | ناو<br>جێناو<br>چاوگ |
| هەفتەی ١٢ | تاقیکردنەوە | لەسەر ( ١٥ ) |
| هەفتەی ١٣ | فرەیز<br>چەمك و پێناسەی فرەیز | ١- کۆن<br>٢- نوێ |
| | | |
| هەفتەی ١٤ | فرەیز<br>جۆرەکانی فرەیز | _ فرەیزی ناوی<br>_ فرەیزی کاری |

دکتۆر ئەمیر موحەمەد

| | | |
|---|---|---|
| | | _ فرەیزی ئاوەڵناوی<br>_ فرەیزی ئاوەڵکاری<br>_ فرەیزی پێشناوی |
| هەفتەی ١٥ | جۆرەکانی فرەیز | نموونە بۆ جۆرەکانی |
| هەفتەی ١٦ | ئەرکەکانی فرەیز | بکەر ، بەرکار ، نیهاد ، گوزارە |
| هەفتەی ١٧ | پێکهاتەی سینتاکسی ڕستە | أ_ پێکهاتەی چەسپاو<br>ب_ پێکهاتەی ئازاد |
| هەفتەی ١٨ | نیشانەی ناسیاوی بە پێی زمانەکان | کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی |
| هەفتەی ١٩ | پێشناو | |
| هەفتەی ٢٠ | تاقیکردنەوە | لەسەر ( ١٥ ) |
| هەفتەی ٢١ | پاشناو | |
| هەفتەی ٢٢ | ئاوەڵناو | |
| هەفتەی ٢٣ | ئاوەڵناوی بکەری | |
| هەفتەی ٢٤ | أ_ ئاوەڵناوی بکەری داڕژاو<br>ب_ ئاوەڵناوی بکەری لێکدراو | ڕۆنانی جۆرەکانی ئاوەڵناوی بکەری |
| هەفتەی ٢٥ | ئاوەڵناوی بەرکاری | |
| هەفتەی ٢٦ | أ_ ئاوەڵناوی بەرکاری داڕژاو<br>ب_ ئاوەڵناوی بەرکاری لێکدراو | ڕۆنانی جۆرەکانی ئاوەڵناوی بەرکاری |

دوو تاقیکردنەوە هەر یەکە لەسەر ( ١٥ ) دەکرێت و ( ١٠ ) نمرە لەسەر چالاکی و بەشداری قوتابی دەبێت لەناوەوەی پۆڵ.

**پرسیاری نموونەیی**

**پ١ : پێناسەی ڕستەو ئەرکەکانی ڕستە بە نموونەوە باس بکە؟**

**پ٢ : باسی ڕستە لەرووی ناوەڕۆکەوە بە نموونەوە بکە؟**

**پ٣ : باس لە جیاوازی بۆچوونەکانی چۆمسکی و سۆسێر بە نموونەوە بکە؟**

**پ٤ : جۆرەکانی فرەیز بژمێرەو بۆ هەر یەکەیان نموونەیەکی ڕستەیی بهێنەوە؟**

د. تۆژەر ئەمیر موحەممەد

**سەرچاوەکانی ڕستەسازی تیۆری**

ماددەی ڕستەسازی گەلێك سەرچاوەی تایبەت بە خۆی هەیە، لەوانە بۆ ئەم ماددەییە بە شێوەی ڕێژەیی سوود دەگەینن، بریتین لە:

١. أمیر محمد محمدأمین، وشەی ئەرکی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، ٢٠١٤.

٢. ساجیدە عبدوللا فەرهادی ، هەندێلایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی ، هەولێر ٢٠١٣ .

٣. عەبدوڵڵا حسێن، چەند لایەنێکی ڕستەسازی .

٤. وریاعومەر ئەمین ، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ، هەولێر ٢٠٠٤ .

٥. ڕستەسازی، نەریمان خۆشناو

٦. محمود فەتحوللا ئەحمەد ، کار تەواوکردن لە کوردیدا ، نامەی ماستەر ، هەولێر ١٩٨٨ .

٧. کوردستان موکریانی ، سینتاکسی ڕستە تێکەڵ هەولێر ٢٠٠٤ .

٨. حاتەم وەلیا محمەد، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە دیالێکتی کرمانجی ژووروودا ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی زمان ، زانکۆی سلێمانی ٢٠٠٠ .

٩. شلێر ڕەسول ، یاساکانی دارشتنی لارستەری دیارخەری لەزمانی کوردیدا ، نامەی دکتۆرا ،کۆلێجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین ، ٢٠٠٤ .

١٠. _عبدة الراجحى (٢٠٠٩) التطبيق الصرفي) دار النهضة العربية ، بيروت ، لبنان

١١. _ أبن جنى: في شرح كتاب التصريف للمازني ، تحقيق أبراهيم مصطفى ، عبداللة أمين، القاهرة ، ١٩٥٤.

# پێناسە و چەمکی ڕستەسازی

بۆ زانیین و شارەزابوون لە چەمکی ڕستەسازی، دەبێت لەم چەمکانە بگەین:

١_ زانستی ( دەنگسازی) لێکۆڵینەوە لە ڕەگەزی یەکەم دەکات، کە زمانی لێ پێك دێت. یا لێکۆڵینەوە لە خودی دەنگ بە تەنها دەکات یان لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هی تردا.

٢_ زانستی ( وشەسازی ) لێکۆڵینەوەیە لە وشە.

٣_ زانستی ( ڕستەسازی ) لێکۆڵینەوەیە لە ڕستە.

بە هۆی ئەم ڕێکخستنەوە ، دەتوانیین هەست بەوە بکەین ، کە زۆربەی کێشەکانی وشەسازی، ناتوانیین بە بێ لێکۆڵینەوە لە دەنگەکان لێیان تێ بگەین. بە هەمان شێوە ژمارەیەکی زۆر لە کێشەکانی ڕستەسازی، ئەگەر پێشتر لێکۆڵینەوەمان لە وشە سازی نەکردبێ، ناتوانیین لێیان تێ بگەین. بەم شێوەیە زۆربەی زمانەوانە نوێیەکان وای دەبینن ، کە لێکۆڵینەوە لە ڕستەسازی و وشەسازیدا لە ژێر یەك بەش دایە، لەم بارەشدا پێی دەڵێن ( ڕێزمان _ grammar ) ، کە ئەمانە دەگرێتەوە:

أ_ وشەسازی ( morphology):

ب_ ڕستەسازی ( syntax ):

ئەم ڕایە لە سەر ئەم بنچینەدا بنیاتنراوە، لە بەر ئەوە وشە سازی پێشەکیەکی پێویستە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕستەسازیدا.

بۆ نموونە:

ئارێز چیرۆکەکەی خوێندەوە.

ناتوانیت شوێنی وشەی ( چیرۆکەکە) بزانیت ، مەگەر زانیت وشەی (خوێندنەوە ) کارە ، یا ناتوانین بزانیین ( ئەرکی ڕێزمانی) وشەی ( چیرۆکەکە) چییە ، مەگەر بە زانینی ڕۆنانی وشەسازی ( خوێندنەوە) نەبێت و هەروەها بەم شێوەیە. لە ڕاستیدا زانایانی کۆنی عەرەبی ، وشەسازی و ڕستەسازیان لە یەکتر جیانەکردۆتەوە ، کتێبە ڕستەسازییەکانی کۆن هەر لە کتێبی ( سیبەوییە) ڕا ، هەتا ئێستاکەش هەر دوو زانستیان لە خۆ گرتووە . ئەگەر ئاوڕێك لە زمانەوانی گەورە (أبا الفتح عثمان بن جنی) بدەینەوە ، ئاماژەی بەوە کردووە ، کە دەبێت وانەی وشەسازی پێش وانەی ڕستەسازی بێت، هەروەکو لە کتێبەکەیدا ( المنصف) دەڵێت: (( وشەسازی ئەمەیان بۆ زانینی خودی وشە جێگیرەکەیە و ڕستەسازی ئەمەشیان بۆ زانینی دۆخی گوێزانەوەیە )).

ڕستەسازی زاراوەیەکی زمانەوانییە، لە زمانی عەربیدا بە ( علم النحو ) ناسراوە، لە وشەی ( Syntaxis ) ی یۆنانیەوە هاتووە و لە دوو بەش پێکدێت: بەشی یەکەم ( Syn )، کە بە واتای پێکەوە هاتن دێت، بەشی دووەمیش ( taxis) بە واتای دانان دێت، هەردوو بەشەکەبەیەکەوە بەواتای دانان و

**ڕێکخستن دێت، بەم پێیە ڕستەسازی ئاستێکی گرنگی زمانە. ڕستەش گەورەترین دانەی سینتاکسییە لە زماندا.**

**زمانەوانان و نووسەران تاکو ئێستا چەندین پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ ڕستەسازی کردووە، لێرەدا هەندێ لەو پێناسانە دەخەینەڕوو:**

**_ ڕستەسازی لێکۆڵینەوەیە لە یەکگرتنی وشە لە ئاخاوتن و ڕستەدا.**

**_ ڕستەسازی لە لێکدانی وشەکان بۆ دروست بوونی فرێز و ڕستە دەکۆڵێتەوە .**

**_ ڕستەسازی دەستووری لێکدان وڕیزکردنی کەرەسەکانە، بە پێی سیستەمی زمانێکی دیاریکراو.**

## پێناسە و چەمکی ڕستە

**لە ڕێزمانی کۆندا زمانەوانان و نووسەران چەندین پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ ڕستە** ( Sentence ) **کردووە، لێرەدا هەندێ لەو پێناسانە دەخەینەڕوو:**

**_ ڕستە زنجیرە وشەیەکە بیرۆکەیەکی تەواو دەردەخات.**

**_ ڕستە ئەو ئاخاوتنەیە، کە لە دوو وشە، یان پتر پەیدا دەبێت.. مەبەستێك بە دەستەوە دەدات.**

**_ ڕستە کۆمەڵە وشەیەکە، کە بە شێوەیەکی تایبەتی ڕیزدەکرێن و هەموویان بەسەر یەکەوە واتایەکی تەواو دەبەخشن.**

**_ بەو کۆمەڵە واژەیەی، کە بەکاری ئەهێنین و مەعنایەکی تەواو ئەبەخشێ و فرمانێکی لە تەکدا ئەبێ پێی ئەوترێ ڕستە.**

**ئەم پێناسانەی ڕێزمانی کۆن، کە پتر پشتیان بە واتا بەستووە، لە لایەن قوتابخانە زمانەوانییەکانی دوای خۆیان، کەوتنە بەر ڕەخنە، چونکە پێناسەکان هەموو ڕستەیەك ناگرێتەوە، لەبەر ئەوەی ڕستەمان هەیە پتر لە وشەیەك پێکدێت و ڕستەشمان هەیە لە تاکە وشەیەك پێکدێت، بۆ نموونە:**

**_ هات، چوو، مرد....**

**بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێن و بۆشاییە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی گونجاو ئەم پێناسەیە دەخەینەڕوو، کە هەموو کەرەسە پێکهێنەرەکانی ڕستە دەگرێتەخۆی و هەموو ڕاستییە زانستیەکانی زمانەوانی ڕەچاو دەکات:**

**_ ڕستە بریتییە لە کردارو پێویستییەکانی.**

**لێرەدا ڕستە دابەشبووە بۆ سەر دوو بەش، یەکەمیان: کردار، دووەمیشیان: پێویستیەکانی کردار، پێویستیەکانی کرداریش، دابەشی سەر دوو بەشی تر دەبن، ئەوانیش: پێویستیە سەرەکییەکانی کردارو پێویستیە ناسەرەکییەکانی کردارە.**

_ ڕستە ئەو کۆمەڵە وشە ڕیزکراوەیە، کە ڕێککەوتنی واتایی و ڕێزمانی تێدایە بە پێی سیستەمی زمانێکی دیاریکراو.

_ چۆمسکی لە بارەی پێناسەی ڕستەوە، دەڵێت: (( ڕستە بریتییە لە فرەیزی ناوی و فرەیزی کاری )).

## ئەرکەکانی ڕستەسازی

**ڕستەسازی ژمارەیەك ئەرکی جیاواز دەبینێت، لێرەدا هەندێك لەو ئەرکانە دەخەینەڕوو:**

١- ڕستەی ڕێزمانی و ڕستەی نارێزمانی:

یەکێك لە ئەرکەکانی ڕستەسازی، ئەوەیە کە ڕستەی ڕێزمانی و ڕستەی نارێزمانی لە یەکتر جیا دەکاتەوە، بۆ نموونە:

_ ئارەزوو نان دەکات. ( ڕستەیەکی ڕێزمانییە )

_ ئارەزوو دەکات نان. ( ڕستەیەکی نارێزمانییە )

_ خانووێکی گەورەی دروستکردووە. ( ڕستەیەکی ڕێزمانییە )

_ خانووێکی دروستکردووە گەورەی. ( ڕستەیەکی نارێزمانییە )

ئەگەر سەرنج بدەینە، ڕستەکانی ( ئارەزوو نان دەکات) و (خانووێکی گەورەی دروستکردووە). هەردوو ڕستەکە لە رووی ریزکردنی کەرەسەکانەوە واتە لە ڕووی ڕێزمانیەوە، ڕستەی ڕاست و دروستن، هەروەها لە ڕووی واتاشەوە ڕستەکان واتای تەواو دەدەن بەدەستەوە، کەواتە هەردوو ڕستەکە، ڕستەی ڕێزمانیین، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەینە، ڕستەکانی ( ئارەزوو دەکات نان) و (خانووێکی دروستکردووە گەورەی). هەردوو ڕستەکە لە رووی ریزکردنی کەرەسەکانەوە واتە لە ڕووی ڕێزمانیەوە، ڕستەی نادروستن، هەروەها لە ڕووی واتاشەوە ڕستەکان واتای تەواو نادەن بەدەستەوە، مەگەر خوێنەر یا گوێگر واتای ئەم دوو ڕستەیە لە کەرەسەکان هەڵبهێنجێت،کەواتە هەردوو ڕستەکە، ڕستەی نارێزمانیین.

٢- جووڵەکردنی کەرەسەکانی ڕستە:

یەکێك لە ئەرکەکانی تری ڕستەسازی جووڵەی کەرەسەکانی ڕستەیە بە تایبەتی کەرەسە ناسەرەکیەکان، کە دەبێتە دروستبوونی شێوەو پلەی جیاجیا لە ڕستەدا ئەمەش وا دەکات لە یەك

ڕستەدا شێوەی تری ڕستەی ڕێزمانی دروست بکەین ، هەر لە جووڵەکردنی کەرەسەکانی ڕستەش، ڕستەی نارێزمانی دروست بکەین، بۆ نموونە:

_ بەیانی ئێمە وانەی نوێ دەخوێنین. ( ڕستەیەکی ڕێزمانییە )

_ ئێمە بەیانی وانەی نوێ دەخوێنین. ( ڕستەیەکی ڕێزمانییە )

_ ئێمە وانەی نوێ بەیانی دەخوێنین. ( ڕستەیەکی ڕێزمانییە )

_ ئێمە وانەی نوێ دەخوێنین بەیانی. ( ڕستەیەکی نارێزمانییە )

_ ئێمە وانەی بەیانی نوێ دەخوێنین. ( ڕستەیەکی نارێزمانییە )

٣- لێڵی( تەمومژی ) ڕستە:

لێڵی ( Ambiguities ) لە ڕستەدا، مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە ڕستەیەك زیاتر لە واتایەك بگەیەنێت، ئەویش بە هۆی ئەم هۆکارانەوە:

أ_ هەبوونی وشەی ( فرەواتا ) Polysemantic لە ڕستەدا، بۆ نموونە:

_ ئازاد ئازار لە دڵ دەڕوێنێ.

ئەم ڕستەیە بە دوو واتای دژ یەك دێن، کە بەم شێوەیەیە:

_ ئازاد ئازار دەخاتە دڵ.

_ ئازاد ئازار لە دڵ لا دەبات.

ب_ بە هۆی( ئاواز ) Intonation و دەربڕینی ڕستە، بۆ نموونە:

_ هەر پێنجیان هاتن.

ئەم ڕستەیە بە دوو واتا دێت، کە بەم شێوەیەیە:

_ زیاتر بوون لە پێنج بەلاّم پپنجیان هاتن.

_ هەموویان پێنج بوون و هەمووشیان هاتن.

ج_ لە کاتی جێبەجێکردنی یاسای گوێزانەوەدا لە ڕستەدا لێڵ واتایی دروست دەبێت، بۆ نموونە:

_ پێم دەشکێت.

ئەم ڕستەیەش بە دوو واتا دێت، کە بەم شێوەیەیە:

_ بە من دەشکێت.

_ قاچم دەشکێت.

٤- کەرەسەی سەرەکی و کەرەسەی ناسەرەکی:

ڕستە لە کۆمەڵێك کەرەسەی دیاریکراو پێکدێت، کە بە گوێرەی چەند یاسایەك دارێژراون، ئەو کەرەسە دیاریکراوانە، هەندێکیان سەرەکین و هەندێکیشیان ناسەرەکین، کەرەسە سەرەکییەکان بە خورتییەو دەبێت لە ڕستەدا هەبن و ناتوانین لایان ببەین، بەڵام کەرەسە ناسەرەکییەکان بە ئارەزووەو دەتوانین لایان ببەین. کەرەسەکان لە ناو ڕستەدا چەند ئەرکێکی ڕێزمانی دەبینن، ئەرکەکانیش بریتین لە ( بکەر، بەرکار، ئاوەڵگوزارە، تەواوکەر، کار )، بۆ نموونە:

_ هیوا بە پایسکل وەرزش دەکات.

## تایبەتمەندی ڕستەسازی

ڕستەسازی چەندین تایبەتمەندی هەیە، هەندێك لەو تایبەتمەندیانە دەخەینەڕوو:

١_ ڕستەسازی بەشێکە لە ڕێزمان و سیستەمێکی پەیوەندییە، کە کەرەسەکانی ڕستە بەیەکترییەوە دەبەستێتەوە.

٢_ کەرسەکان بە گوێرەی گونجانیان لەگەڵ یەکتری هەڵدەبژێرێت و بە گوێرەی سیستەمی زمانە دیاریکراوەکە بە دوای یەکدی ڕیزیان دەکات و ئەو گۆڕانانەش دیاری دەکات، کە بەسەر ئەو کەرسانە دێت، لە کاتی ڕیزکردنیان.

٣_ ڕستەسازی جۆرو ئەرکی وشەش لە ڕستەدا ڕوون دەکاتەوە.

٤_ یەکێك لەو یەکە بنچینەیی و سەرەکییانەی، کە ڕێزمان خۆی پێوە خەریك دەکات و گرنگی پێدەدا ڕستەیە.

٥_ ڕستە گەورەترین دانەی سینتاکسییە و فرەیزیش پێکهێنی ناوەندییە و وشەش دوا پێکهێنیەتی.

## بنەمای ڕستەسازی بۆ جیاکردنەوەی پۆلە فۆڕمەکان

أ_ پۆلە فۆڕمەکان ( بەشەکانی ئاخاوتن ):

سەرەتای بیر کردنەوە لە زمان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هیندییەکان و گریکەکان، بە تایبەتی بۆ بەشێك لە گفتووگۆکانی ئەفلاتوون. ئەفلاتوون بە یەکەم ڕێزماننووس دادەنرێت، چونکە یەکەم کەس بووە کە گووتوویوتی ڕستە بەش پێکدێت، ئەوانیش ( ناو و کار )ن. کەواتە ئەم دابەشکردنەی

ڕستە بۆ پۆلە فۆڕمەکان هەر لە زەمانی ئەفلاتوون و ئەرستۆوە دەستی پێکردووەو هەبووە. ڕێزمانی دێرین _( کلاسیك، تقلیدی، سونەنی، کۆن ) پۆلە فۆڕمەکانی دابەشی سەر هەشت جۆر کردووە وەکو: ( ناو، جێناو، ئاوەڵناو، کار، ئاوەڵکار، ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی لێکدەر، ئامرازی بانگکردن و سەرسووڕمان )، هەروەها پێناسەیەکی سادەو ساکاریان بۆ کردووە، کە بۆتە جێگەی ڕەخنەی ڕێزمانی نوێ، چونکە ئەو پێناسانەی کە بۆ پۆلە فۆڕمەکان کراون، هەندێکیان بەندن بە سینتاکس و هەندێك بە واتا و هەندێکیش بە هەست و سۆزەوە، بەند نین بە یەك بنەما. هەروەها پێناسەکان ناڕێزمانین و بە کەڵکی زمانێکی دیاریکراو نایەن، بەڵام بۆ ئەو سەردەم بەهاو نرخی خۆیان هەبووە. پێناسە دەبێت بەند بێت بە ڕەوشت و ڕەفتاری وشەکانی ڕستەوە لە زمانێکدا، بۆ نموونە دەتوانین بڵێین " ناو " ئەو وشەیەیە، کە دەتوانێت ( ەکە، ێك، ان ) وەربگرێت، کەچی " ئاوەڵناو " ئەو وشەیەیە، کە دەتوانێت ( تر، ترین ) وەربگرێت، لە کاتێکدا کار هەندێك پێش کار ( هەڵ، ڕا، دا، ڕۆ....) و پێشگری ( دە، ب ...... ) لەگەڵدا دەبینرێت، کە هەرگیز لەگەڵ ناو دا نایەن. فۆڕمەکانی تریش بە هەمان شێوە........

## ب_ بنەمای ڕستەسازی بۆ جیاکردنەوەی پۆلە فۆڕمەکان:

دوو شێوە لە بنەمای ڕستەسازی بۆ جیا کردنەوەی بەشەکانی ئاخاوتن بەکاردەهێنرێت، مەرجیش نییە ئەم بنەمایانە لە یەك پۆلە فۆڕم کۆ ببنەوە، بەڵکو دەتوانرێت بە یەکێك لەم بنەمایانە پۆلە فۆڕمەکان دیاری بکرێت، کە ئەم دوو شێوەیەش پێکهاتوون لە:

**١_ شوێنی پۆلە فۆڕمەکان لە ڕستەدا:**

بە شێوەیەکی گشتی پۆلی وشە دەتوانرێت، بە هۆی شوێنەکەیەوە بناسرێتەوە، بۆ نموونە زۆربەی کات ئەو وشەیەی دەکەوێتە سەرەتای ڕستەوە ( ناو )ە، وەك:

_ پیاوەکە هات.

_ شاکێو گۆرانی دەڵێت.

هەر وشەیەك بکەوێتە دوای جێناوی ئاماژەکردن، دەبێت ناو بێت و پاشناوی هەبێت، وەك:

_ ئەو درەختە.....

_ ئەم پێنووسە....

بەڵام وشەی ( زۆر ) هەمیشە لە ناو ڕستەدا ئاوەڵناوی لە دواوە دێت، وەك:

**_ زۆر شیرین**

**_ زۆر نەرم**

**٢_ ئەرکی پۆلە فۆڕمەکان لە ڕستەدا:**

**دەتوانرێت بەشەکانی ئاخاوتن بە ئەرکەکەیان دیاری بکرێن، بۆ نموونە بە شێوەیەکی گشتی ناو لە ڕستەدا ئەرکی بکەرو بەرکار دەبینێت، ئاوەڵناویش ئەرکی دەرخەر دەبینێت لە ڕستەدا، کاریش ئەرکی کار دەبینێت لە ڕستەدا، پۆلە فۆڕمەکانی تر بە هیچ شێوەیەك ئەم ئەرکە نابینن، وەك ئەم نموونانە خوارەوە، کە پیشانی دەدەن:**

**_ کوڕەکە ڕۆیشت.**
ناوە/ بکەرە

**_ شکار خانووەکەی فرۆشت.**
ناوە/ بەرکارە

**_ ڕەزێکی بچووك دەکرم.**
ئاوەڵناوە/ دەرخەر

**_ چیرۆکەکەی دەخوێندەوە.**
کارە/ کارە

**( جوان هات ، منداڵی جوان خۆشەویستە. منداڵەکە جوان بوو )**

**( هێمن هات، ئازاد کوڕە هێمنەکە دەناسێت، پیاوەکە هێمن بوو )**

د. ئەمیر محەمەد

## پۆڵینکردنی ڕستە

زمانەوانان هەر لە کۆنەوە بۆ مەبەستی ئاسانکردنی لێکۆڵینەوەو دیاریکردنی سنوورو جۆرەکانی بە شێوەی جیاجیا ڕستەیان پۆڵین کردووە. هەر وەك ئاشکرایە ڕستە لە ڕووی پێکهاتن ( ڕوخسار) و ناوەڕۆکەوە دابەشکراوەتە سەر چەند بەشێکی دیاریکراو، ئەم بەشانەش لە زمانی کوردیدا دەستنیشانکراون.

یەکەم: **ڕستە لە ڕووی ڕۆنانەوە ( پێکهاتنەوە ):**

باوترین پۆڵینەکانی ڕستە، پۆڵینکردنی ڕستەیە لە ڕووی داڕشتنەوە ( ڕۆنان )، کە تیایدا بە پێی ڕادەو چۆنیەتی کەرەسە پێکهێنەرەکانیان، ڕستەکان پۆڵین و دابەش دەکرێن:

١_ **ڕستەی سادە** Simple sentences : ڕستەی سادە ئەو ڕستەیەیە، کە تەنیا کارێك و پێویستیەکانی ئەو کارەی تیادایە. جۆری کارەکە ژمارەو ئەرکی کەرەسەکان دەستنیشان دەکات، واتە ئەگەر کارەکە تێپەڕ بوو، دوو کەرەسە وەردەگرێت: بکەرو بەرکار، ئەگەر کارەکە تێنەپەڕ بوو، یەك کەرەسە وەردەگرێت، کە  بکەرە، بۆ نموونە:

_ باخچەکە سووتا.

_ ژیار باخچەکەی سووتاند.

_ ژیر زیرەکە.

هەروەها ڕستەی سادەش دابەشی سەر سێ جۆر ڕستە دەبێت، کە ئەمانەن:

أ_ سادەترین ڕستە: سادەترین ڕستەی کوردی ئەو ڕستەیەیە، کە لە تاکە وشەیەك پێکهات بێت. ئەو تاکە وشەیە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا وشەیە، بەلاَم لە ئاستی سینتاکسدا دەبێتە ڕستە، چونکە هەموو پێویستیەکانی ڕستەی تیادایە، وەکو: ڕەگی کارو پێویستیەکانی، بۆ نموونە:

_ نووسی.

_ دەخوێنێت.

ب_ ڕستەی سادەی ئاسایی: مەبەست لە ڕستەی سادەی ئاسایی، بەو ڕستانە دەگووترێت، کە تەنها کارێکیان تیادایە، لە هەمان کاتیشدا ئەم ڕستانە تەنیا کەرەسە سەرەکییەکانی ڕستە لە خۆدەگرێت، ئەویش لە سێ باردا:

١_ کاری تێپەر:

_ پیاوەکە دووپشکەکەی کوشت.

_ شوفێرەکە ئۆتۆمۆبێڵەکەی فرۆشت.

٢_ کاری تێنەپەڕ:

_ منداڵەکە وەستاوە.

_ خانووەکە ڕووخا.

٣_ کاری ناتەواو:

_ شاخەکە بەرزە.

_ دەریایەکە قووڵە.

ج_ ڕستەی سادەی فرەوانکراو: مەبەست لە ڕستەی سادەی فرەوانکراو، ئەو ڕستانەن، کە لە کاری تێنەپەڕدا زیاتر لە دوو وشەو لە کاری تێپەڕدا زیاتر لە سێ وشەن، واتە جگە لە وشەکانی کارو بکەرو بەرکار، کەرەسە ناسەرەکییەکانی ڕستەش دەگرێتەخۆ، بۆ نموونە:

_ دوێنی شەو لە چیاکانی هەرێمی کوردستان بەفرێکی زۆر باری.

_ من نامە بۆ ئازادی کوڕی ئاواتی خوشکم دەنێرم.

٢_ ڕستەی ناسادە: ئەو ڕستانە لە زمانی کوردیدا، زیاتر لە کارێکیان تیادایە و دابەشی سەر دوو بەش دەبن، ئەوانیش:

أ_ ڕستەی لێکدراو Compund sentences: هەروەك لە پێناسەی ڕستەی لێکدراودا هاتوو(( ئەو ڕستەیەیە، کە لە ئەنجامی لێکدانی دوو ڕستە یا زیاتر دروست دەبێت،ئامرازی لێکدەر بەشەکانی بەیەکەوە دەبەستێتەوەو هەر ڕستەیەك، وەك ڕستەیەکی سەربەخۆو پڕ لە ڕووی ڕێزمانەوە ڕفتار دەکات وئامرازەکە ناچێتە ناو داڕشتنی ڕستە، بەڵکو ڕستەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە)) هەر بۆیە وشەی لێکدەر لە پێناسەی ڕستەی لێکدراودا کەرەسەیەکی سەربەخۆیەو پەیوەندی بە ڕستەکانەوە نییە و تەنها ئەرکی لێکدان دەبینێت. لەبەر ئەوەی وشەی لێکدەر ڕۆڵێکی گرنگ لە پێکهێنانی ڕستەی لێکدراو دەبینێت. دەتوانرێت، ڕستەی لێکدراوەکان بە پێی وشە لێکدەرەکان بکرێن بە چوار جۆر:

١_ ڕستەی لێکدراوی هاوڕێك ( و، ئنجا/ ئەنجا/ ئەوجا/ ئەمجا/ ئینجا، ئەوسا، هەروەها، هەم...هەم،......)

**هەر بۆیە ڕستەی لێکدراوی هاوڕێك (( ئەو جۆرە ڕستانە دەگرێتەوە، کە لە ڕووی ئەنجامدانی کاری ڕستەکانیان هاوڕێکن و کاری هەموو ڕستە لێکدراوەکان لە شێوەی ئەرێن و هەمان ئاڕاستە وەردەگرن )). کاتێك وشەی لێکدەر لەم جۆرە ڕستەیەدا بەشدار دەبێت جۆرە هاوسەنگییەك لە نێوان ڕستە سادەکانی ناو ڕستە لێکدراوەکە لە بەشی ناو و بەشی کار پێکدەهێنێت، بۆ نموونە:**

**_ خشتەی وانەکانم ئامادە دەکەم ئنجا/ ئەنجا/ ئەوجا/ ئەمجا/ ئینجا، ئەوسا دەخوێنم.**

**_ هێمن نان دەخوات هەروەها چاش دەخواتەوە.**

**_ پیاوەکە هات و دانیشت**

**٢_ ڕستەی لێکدراوی پێچەوانە ( بەڵام/ بەڵان، ئەگەرچی، کەچی، هەرچەند، بەڵکو/ بەڵکم، بەڵکی/ بەڵکە، نەك/ نەوەك/ نەوەکو/ نەکو، دەنا، ئەگینا...)**

**ئەم وشە لێکدەرانەی وەکو ( بەڵام، ئەگینا، بەڵکو......) بەشداری لەو ڕستە سادە لێکدراوانە دەکەن، کە ئەنجامدانی کارەکانیان پێچەوانەی یەکترن، بەو هۆیەوەش جۆرێك لە ڕستەی لێکدراو پێکدەهێنن، کە پێی دەگووترێت ڕستەی لێکدراوی پێچەوانە. مەبەستیش لەم جۆرە ڕستانە جیاوازی پێچەوانەیی لە نێوان دوو دیاردە یان ڕووداو یان بیر پیشان دەدات، واتە لە ڕستەی لێکدراوی پێچەوانەدا ڕستەی یەکەم لە رووی ڕووداو یان بیرەوە پپچەوانەی ڕستەی دووەمە، بەم شێوەیە ئەم دوو ڕستەیە بەیەکەوە بەهۆی وشەی لێکدەرەوە ڕستەیەکی لێکدراوی پێچەوانە بەرهەم دەهێنن. بۆ نموونە:**

**_ براکەم بخوێنە ئەگینا دەرناچیت.**

**_ هەژار گۆرانیبێژ نەبوو بەڵکو شاعیر بوو.**

**_ ڕۆژنامەکەم بۆ ئاسۆ برد بەڵام نەیخوێندەوە.**

**هەروەها دەکرێت لەگەڵ وشەی لێکدەری( بەڵام) وشەیەکی تری لێکدەر بەشداری پێکهێنانی ئەم جۆرە ڕستەیە بکات، بەمەرجێك لە سەرەتای ڕستەی یەکەمەوە بێت. بۆ نموونە:**

**ئەگەرچی ڕۆژنامەکەم بۆ ئاسۆ برد بەڵام نەیخوێندەوە.**

**٣_ ڕستەی لێکدراوە هەڵبژاردە ( یا/ یان/ یا...یا/ یان...یان،...)**

**ئەم وشە لێکدەرە شێوەی ( یا...یا/ یان...یان)و بە تەنهاش بەشێوەی ( یا/ یان) بە سادەیی بۆ بەستانەوەی دوو ڕستەی سادە لە ڕستەیەکی لێکدراودا بە مەبەستی جیاجیا لەگەڵ زۆربەی کاتەکانی کاردا بەکار دەهێنرێت،بەم شێوەیە ئەم جۆرە وشە لێکدەرە ڕستەی لێکدراوە هەڵبژاردە پێکدەهێنێت، واتە لە ڕستەکەدا دوو هەڵبژاردەت لە بەر دەستدایە، یەکێکیان هەڵدەبژێریت. بۆ نموونە:**

**_ یا تۆ وەرە یا من دێم.**

**_ من ئەمڕۆ دێم یان بەیانی.**

**_ هەنار دەخۆیت یان سێو.**

هەروەها وشەی پرسی ( ئایا، کام...) دەتوانرێت، لەگەڵ وشەی لێکدەری ( یا/ یان ) لە ڕستەی لێکدراوی هەڵبژاردە بەکاربهێنرێت. بۆ نموونە:

_ ئایا نەوزاد بە یەکەم دەرچوو یان ئازاد؟

_ کامیان بە یەکەم دەرچوو نەوزاد یا ئازاد؟

**٤_ ڕستەیەکی لێکدراوی نەرێ ( نە...نە)**

وشەی لێکدەری ( نە...نە) بە پێی ئەو تایبەتیەی، کە هەیەتی دوو ڕستەی سادە لە یەکتر دەدات، هەر یەکەیان سەرەتای ڕستەیەکی سادە دەگرێت و ڕستەیەکی لێکدراوی نەرێ پێك دەهێنێت. ئەم جۆرە ڕستەیە بە زۆری لە دوو ڕستەی نەرێ پێکدێت و هیچیان جێبەجێ ناکرێن، واتە وشەی لێکدەری ( نە...نە) هەرد وو ڕستە سادەکە دەخاتە باری نەرێوەو بە یەکەوە ڕستەیەکی لێکدراوی نەرێ دروست دەکەن. بۆنموونە:

_ نە ئەوەندە شیرین بە قوتت دەم، نە ئەوەندە تاڵ بە فڕێت دەم. ( پەندی کوردی)

_ نە دادەنیشێت، نە دەڕوات.

_ نە ئاسۆ هاتووە نە ئاکۆ.

ب_ ڕستەی ئاڵۆز Complex sentences: (( ڕستەی تێکەڵ بە تێکەڵ بوونی دوو ڕستە لە رووی سینتاکسەوە جیاواز دەگوترێت، کە یەکێکیان سەرەکیەو ئەوی دییان ڕستەی شوێن کەوتووی ڕستە سەرەکێکەیە. پەیوەندی ڕستەی شوێن کەوتوو بە ڕستە سەرەکییەوە، باری شوێن کەوتنی بە کۆمەڵە هۆیەکی سینتاکسی پێویستە، کە لە هەمووان گرنگترو بایەختر ئامرازی گەیەنەرە. ئەم ئامرازە دەچێتە نێو پێکهێنان و داڕشتنی ڕستەی شوێن کەوتووەوە)). واتە ڕستەی ئاڵۆز بەلایەنی کەم دوو ڕستە لە خۆدەگرێت، یەکێکیان سەرەکییە پێی دەووترێت ( شاڕستە)، ئەویتریان لاوەکییە پێی دەووترێت( پاڕستە)، ئینجا وشەی لێکدەر لە ڕستەی ئاڵۆزدا، کە لە ناو پێکهاتەی پاڕستە دایە ئەرکێکی سینتاکسی جێبەجێ دەکات، ئەویش گەیاندن و لێکدانی شاڕستە و پاڕستەیە بە یەکترییەوە.

_ شاڕستە Main Clause: ڕستەیەکی سەربەخۆیە و بە تەنیا واتای تەواو دەبەخشێت.

_ پاڕستە Subordinate Clause: ڕستەیەکی ناسەرەکییە و بە تەنیا واتا نابەخشێت، بەڵکو واتاکە بەستراوەتەوە بە شارستە و ڕۆڵی دەرخەری شاڕستە دەبینێت.

لە زمانی کوردیدا پاڕستە بە سەر چوار جۆری سەرەکی دابەش دەبێت، کە ئەمانەن:

أ_ پاڕستەی ناوی Noun Clause:

ئەو پاڕستانە دەگرێتەوە، کە وەکو دەرخەر ناوەکانی ڕستەی سەرەکی، کە شاڕستەیە ڕوون دەکاتەوە، بە گوێرەی ئەرکی ناوی ناو شاڕستەکە، بەم شێوەیە:

١_ پارستەی دەرخەری بکەر: وشەی لێکدەری( کە) دەبێتە هۆی دروست بوونی ئەم جۆرە پاڕستەیە، پاڕستەکەش زانیاری زیاتر لە بارەی بکەری ناو شاڕستە دەخاتەروو، پەیوەندییەکی واتایی پێك دەهێنێت.

پاڕستەکە سەرەی ئەو فرەیزە ڕووندەکاتەوە، کە ڕۆڵی بکەر لە شاڕستەدا دەگێڕێت و دەچێتە ناو ڕۆنانی شاڕستەکەوەو فراوانی دەکات، بۆ نموونە:

_ کارزان، کە لە زانکۆ دەخوێنێت، خێزاندارە.

لەم ڕستەیەدا فرەیزی ناوی ( کارزان ) ئەرکی بکەری شاڕستەی بینیوە و ( کە لە زانکۆ دەخوێنێت) پاڕستەی دەرخەری بکەری شاڕستەکەیە و وەسفی لایەنێکی بکەرەکە دەکات و ڕوونی دەکاتەوە، پەیوەندییەکی واتایی لە نێوان شاڕستەو پاڕستەکە دروست بووە، بەو هۆیەشەوە ڕستەیەکی ئاڵۆز بەرهەمهاتووە.

٢_ پاڕستەی دەرخەری بەرکاری ڕاستەوخۆ: وشەی لێکدەری( کە) دەبێتە هۆی دروست بوونی پاڕستەی دەرخەری بەرکارو بەشداری لە پێکهاتنی دەکات، پاڕستەکەش زانیاری زیاتر لە بارەی بەرکاری ناو شاڕستە دەخاتەروو، ڕۆڵی بەرکاری ڕاستەوخۆ ڕووندەکاتەوە و فراوانی دەکات. بۆ نموونە:

_ ئاسۆ هۆنراوەیەکی خوێندەوە، کە هی قانع بوو.

_ ئازاد خانوێکی کڕی، کە دەکەوێتە گەڕەکی سەیداوە.

لەم دوو ڕستەیەدا هەر یەکە لە پاڕستەکانی دەرخەری بەرکار ( کە هی قانع بوو ، کە دەکەوێتە گەڕەکی سەیداوە ) وەسفی هەر یەکە لە ( هۆنراوە، خانوو) بەرکاری شاڕستەکە دەکات و ڕوونیان دەکەنەوەو هەردوو پاڕستەکە ڕۆڵی دەرخەریان گێڕاوە. وشەی لێکدەری ( کە ) لە پاڕستەی دەرخەری بەرکاری ڕاستەوخۆدا دەتوانرێت، لابدرێت، بە بێ ئەوەی ڕۆڵی سینتاکسی و واتای ڕستە ئاڵۆزەکە بگۆڕێت، بەڵام هەست دەکرێت، کە وشەی لێکدەری ( کە) لاچووە.

_ ئاسۆ هۆنراوەیەکی خوێندەوە، ∅هی قانع بوو.

_ ئازاد خانوێکی کڕی، ∅دەکەوێتە گەڕەکی سەیداوە.

٣_ پاڕستەی دەرخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆ : وشەی لێکدەری( کە) بەشداری لە پێکهاتنی پاڕستەی دەرخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەکات و دەبێتە بەشێکی سەرەکی لە پارستەکەدا، پاڕستەکەش زانیاری زیاتر لە بارەی بەرکاری ناڕاستەوخۆی ناو شاڕستە دەخاتەڕوو، ڕۆڵی بەرکاری ناڕستەوخۆ ڕووندەکاتەوە. بۆ نموونە:

_ ئارام بە ئۆتۆمۆبێلەکەی، کە دوێنێ کڕیبووی، هات.

_ من بە ئاسۆ، کە برای بچووکمە، پارەکەت بۆ دەنێرم.

لەم دوو ڕستە ئاڵۆزەدا هەریەکە لە ( ئارام بە ئۆتۆمۆبێلەکەی هات، من بە ئاسۆ پارەکەت بۆ دەنێرم ) شاڕستەن، ( کە دوێنێ کڕیبووی، کە برا بچووکمە) پاڕستەن، لە ناو شاڕستەکاندا فرەیزی پێشناوی ( بە ئۆتۆمۆبێل، بە ئاسۆ ) لە ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆدان. لە پاڕستەی دەرخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆدا (( پاڕستە لایەنێکی بەرکاری بە یاریدەی شاڕستە ڕووندەکاتەوە و دەبێتە دیارخەری بەرکاری بەیاریدەی شاڕستە )).

٤_ پاڕستەی دەرخەری دەرخەری: ئەم جۆرە پاڕستەیە واتە (( ڕستەی شوێن کەوتووی دیارخەری لە زمانی کوردی دا بە هۆی ئامرازی گەیەنەری (– کە ) تێکەڵ بە ڕستەی سەرەکی دەبێت )).بەم شێوەیە دەرخەر لە شاڕستەدا بە هۆی پاڕستە فرەوان دەکرێت و زانیاری زیاتر لە بارەیەوە دەخرێتەڕوو. بۆ نموونە:

_ هۆنراوەی  هێمن، کە خەڵکی مهاباد بوو، زۆر خۆشە.

_  خانووی ئاسۆ، کە ئەندازیارە، زۆر گەورەیە.

لەم دوو ڕستە ئاڵۆزەدا فرەیزی ناوی ( هێمن، ئاسۆ ) بوونەتە دەرخەری  فرەیزی ناوی ( هۆنراوە، خانوو )، کە ئەمانەش بوونەتە دەرخراو لە شاڕستەکەدا، ئەم دەرخەرانەش بە پاڕستە فراوان کراون واتە بوونەتە دەرخەری دەرخەری، لەم بارەدا هەردوو دەرخەر ( هێمن، ئاسۆ ) بوونەتە دەرخراو لە بەر ئەوەی پاڕستەکانی (کە خەڵکی مهاباد بوو، کە ئەندازیارە ) بوونەتە دەرخەر بۆیان، بەم جۆرە پاڕستەی دەرخەری دەرخەری دروست دەبێت.

ب_ پاڕستەی کاریVerb Clause :

ئەم جۆرە پاڕستانە دەگرێتەوە، کە  زانیاری زیاتر لە بارەی ڕوودانی کارەی شاڕستەکە دەخەنەڕوو، ڕوودانی کارەکە دەست نیشان دەکەن، بەم شێوە جۆراوجۆران:

١_ پاڕستەی دەرخەری کاتی پێکدێت. بە هۆی وشەی لێکدەری ( کە، هەرکە، هەتا، هەتاکو، .....) یا هەر وشەیەکی کات، کە لەگەڵیاندا بەکار بهێنرێت، بەو هۆیەوە پاڕستەی دەرخەری کاتی بە شاڕستەکەیەوە بۆ دیاریکردنی کاتی ڕوودانی کارەکە دەبەستێتەوە، بۆ نموونە:

_ هەتا من هاتم، ئەو ڕۆیشتبوو.

_ کە بەهار هات، دەچین بۆ سەیران.

_ تۆ دانیشە، هەتاکو کراسێك دەدرووم.

لەم ڕستە ئاڵۆزانەدا پاڕستەی ( هەتا من هاتم، کە بەهار هات، هەتاکو کراسێك دەدرووم ) ئەرکی دەرخستنی کاتی ڕوودانی کاری ( ڕۆیشتبوو، دەچین، دانیشە ) لە شاڕستەدا دەبینن، زانیاری زیاتر لە بارەی کاتی ڕوودانی کارەکە دەخەنەڕوو، کاتی ڕوودانی کارەکە دەست نیشان دەکەن.

٢_ پاڕستەی دەرخەری مەبەست: هەندێك لە وشەی لێکدەر ڕۆڵی سەرەکی لە پێکهێنانی پاڕستەی دەرخەری مەبەست دەگێڕن. (( ئەم جۆرە پاڕستانە ئامانجی ڕوودانی کاری شاڕستە دەردەخەن و بە زۆری ئامرازە لێکدەرەکانی ( بۆ ئەوەی، تا، هەتا، تاکو، هەتاکو، ...) تیایاندا بە کاردێن)). واتە ئەم جۆرە پاڕستەیە مەبەست کارەکە بە شێوەیەکی وردو ڕوون دەخاتە ڕوو. بۆ نموونە:

_ ئێمە دەخوێنین، بۆ ئەوەی سەرکەوین.

_ ئێمەی کورد ڕاپەڕین، تاکو کوردستان ئازاد بێت.

**لەم دوو ڕستە ئاڵۆزەدا پاڕستەکانی دەرخەری مەبەست ( بۆ ئەوەی سەرکەوین، تاکو کوردستان ئازاد بێت) ئامانجی کاری ( دەخوێنین، ڕاپەڕین ) لە شاڕستەدا روون کردۆتەوە، کە دەکرێت هەردوو پاڕستەکە ببنە وەڵام بۆ پرسیاری ( بۆچی دەخوێنین؟)، ( بۆچی ڕاپەڕین؟).**

**٣_ پاڕستەی دەرخەری پێوانە: ئەم جۆرە پاڕستەیە وشەی لێکدەری ( کە، تا، هەتا، تاکو، هەتاکو...) بەشداری لە پێکهێنانی دا دەکات و ڕادەو پێوانەی کار شاڕستەی پیشاندەدەن. (( جگە لەمەش لە شاڕستەدا دیارخەرێکی پێوانەی نادیاری وەك ( بە ڕادەیەك، هێندە، ئەوەندە ....) لە پێش ئاوەڵناوی شاڕستەکە دێت و ئەرکی پاڕستە دەرخستن و سنووردارکردنی ئەو دیارخەرەیە)).( هەمان سەرچاوە ) واتە پاڕستەی دەرخەری پێوانە لە ڕستەی ئاڵۆزدا، دەبێت لەگەڵیدا کەرەسەیەکی پێوانەیی لە شاڕستەدا هەبێت بۆ ئەوە بڕو ڕادەی کاری شاڕستەکەی پیٚ دیاری بکرێت. بۆ نموونە:**

**_ خانووەکە ئەوەندە گران بوو، کە نەمتوانی بیکڕم.**

**_ کتێبەکە بە ڕادەیەك گەورەیە، هەتاکو هەڵگرتنی زەحمەتە.**

**لەم ڕستانەدا ( کە نەمتوانی بیکڕم، هەتاکو هەڵگرتنی زەحمەتە ) پاڕستەی دەرخەری پێوانەیین، لە ڕێگەی وشە ڕادەکانی (ئەوەندە، بە ڕادەیەك ) ناو شاڕستەکاندا، توانیویانە ڕادەو پێوانەی کاری شاڕستەکان دەربخەن.**

**٤_ پاڕستەی دەرخەری هۆ: لە ڕستەی ئاڵۆزدا وشەی لێکدەری ( چونکە،...) بەشداری لە پێکهێنانی پاڕستەی دەرخەری هۆ دەکات و پاڕستە بە شاڕستەی دەبەستێتەوە، ئەم جۆرە پاڕستەیە هۆی ڕوودانی کاری شاڕستە دیاری دەکات. بۆنموونە:**

**_ قوتابییەکان نەچوون بۆ قوتابخانە، چونکە پشوو بوو.**

**_ منداڵەکە یاری نەدەکرد، چونکە نەخۆش بوو.**

**٥_ پاڕستەی دەرخەری ئەنجام: وشەی لێکدەری ( بۆیە، ...) بەشداری لە پێکهێنانی پاڕستەی دەرخەری ئەنجام دەکات، ئەم جۆرە پاڕستەیەدا ئەنجامی ڕوودانی کاری شاڕستە بە شێوەیەکی وردو ڕوون دەخاتە ڕوو، کەواتە (( ڕستەی شوێن کەوتووی ئەنجام، ئەنجامی مەبەستی ڕستەی سەرەکی لە ڕستەی تێکەڵ دا روون دەکاتەوە))، بۆ نموونە:**

**_ پشوو بوو، بۆیە قوتابییەکان نەچوون بۆ قوتابخانە.**

**_ نەخۆش بوو، بۆیە منداڵەکە یاری نەدەکرد.**

**بەم شێوەیە، ئەمە بە دیار دەکەوێت، کە (( پاڕستە دیارخەرەکانی هۆو ئەنجام پێچەوانەی یەکترن، واتە ئەگەر شاڕستەو پاڕستەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەین لەگەڵ گۆڕینی ئامرازە لێکدەرەکانیان، پاڕستەکانی هۆو ئەنجام ئاڵوگۆڕ دەبن)) هەروەکو لە نموونەکانی پاڕستەی دەرخەری هۆو پاڕستەی دەرخەری ئەنجام ڕوونمان کردۆتەوە .**

٦_ پاڕستەی دەرخەری مەرج: پاڕستەی دەرخەری مەرج (( لاستەیەکە بە هۆی ئامرازی گەیەنەری مەرجی ( ئەگەر، مەگەر، گەر ) ەوە، بە شاڕستەی وەرامی مەرجی یەوە، دەبەستێتەوە، کە ڕوودانی فرمانی یەکەم مەرجە بۆ ڕوودانی فرمانی دووەم ))، واتە لە ڕستەی ئاڵۆزدا ئەم جۆرە پاڕستەیە مەرجی ڕوودانی کاری شاڕستە دیاری دەکات. بۆ نموونە:

_ ئەگەر کاتم هەبوو، چیرۆکێکت بۆ دەخوێنمەوە.

_ گەر بچم بۆ بازاڕ، دیارییەك بۆ تۆ دەکڕم.

ج_ پاڕستەی ئاوەڵناوی Adjectival clause:

ئەو پاڕستەیەیە، کە وەسفی ناوێك لە ناوەکانی ناو شاڕستەدا دەکات و زانیاری لە بارەیەوە دەخاتەڕوو، بۆ نموونە:

_ ئەو ئاگرەی کە گەرمی زۆر بوو، کوژایەوە.

_ خوێندکار کە زیرەك بوو، دەردەچێت.

د_ پاڕستەی ئاوەڵکاری Adverbial clause:

ئەو پاڕستەیەیە، کە ڕونکردنەوەو زانیاری لە بارەی ئاوەڵکاری ناو شاڕستەدا دەخاتەڕوو، بۆ نموونە:

_ کە ڕۆژ گیرا، زەوی تاریك دەبێت.

_ کە زەنگەکە لێدرا، خوێندکارەکان زوو چوونە پۆلەکانیانەوە.

## دووەم: ڕستە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:

قسەکەر لە ڕێگەی ڕستەوە ئامانج و مەبەستی جیاجیای خۆی دەگەیەنێت، بۆ ئەم مەبەستە ، ڕستە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دابەش دەکرێتە سەر: ڕستەی هەواڵگەیاندن، ڕستەی پرسیاری، ڕستەی فەرماندان و داخوازی: ڕستەی سەرسووڕمان، ڕستەی بانگکردن، ڕستەی پاڕانەوە ( دوعاکردن )، ڕستەی ڕاپەڕاندن ( سوێند خواردن )، ڕستەی جێخۆشکردن.

١_ ڕستەی هەواڵگەیاندن: ڕستەی هەواڵگەیاندن، کە ڕستەی ( خەبەری، ڕاگەیاندن، وەسفی، زانیاری، ئیخباری ) یشی پێدەگووترێت، بە شێوەیەکی زۆر فرەوان لە قسەکردن و نووسیندا بەکاردێت و

سەرەکیترین جۆری ڕستەیە. واتە لە ڕستەی هەواڵگەیاندندا قسەکەر هەواڵێك یان زانیارییەك دەربارەی دیاردەیەکی نەگۆڕ یاخود گۆڕاو دەگەیەنێت. بۆ نموونە.

_ زەوی بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە.

_ میوانەکان دوێنێ گەیشتن.

لە ڕستەی هەواڵگەیاندندا قسەکەر سەرچاوەی زانیارییەو زانیاری دەداتە گوێگرو لە کۆتایی ڕستەکەشدا خاڵ دادەنرێت، هەندێ جار دەشێت ڕستەی هەواڵگەیاندن ڕاستی و ناڕاستی تێ بکەوێت بە تایبەتی لە ڕستە گۆڕاوەکاندا.

٢_ ڕستەی پرسیاری: بریتییە لە داواکردنی یان وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری و تێگەیشتنە لە یارەی شتێك یان کەسێك یان ڕووداوێك، کە پێشتر لای قسەکەر/ یان پرسیارکەر نەزانراو بێت. لە کۆتایی ڕستەکەشدا نیشانەی( ؟ ) پرسیاری دادەنرێت. ڕستەی پرسیاری بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی پێکهاتنەوە دەکرێت، بە دوو جۆر، ئەوانیش: پرسیاری گشتی، پرسیاری تایبەتی دەگرێتەوە.

أ_ پرسیاری گشتی: پرسیاری گشتی لە زمانی کوردیدا یان بە ( ئا، نا، با، نە، نەخێر، بەڵێ.... ) یان یە ئاوەڵکارێکی تر وەڵام دەدرێتەوە، ئەویش بە دوو ڕێگە دروست دەبێت:

**_ بە بەکارهێنانی هەندێ ئامراز وەك ( ئەرێ؟ یان ئایا؟ )، بۆ نموونە:**

_ ئەرێ مامۆستایەکان دێن؟

_ ئایا خوێندکارەکان دێن؟

**_ بە بەکارهێنانی ئاواز لە کاتی دەربڕیندا، ئەم جۆرە ڕستەیە لە ڕووی ڕێزمانییەوە لە شێوەی ڕستەیەکی هەواڵداندایە، کەچی لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە جیاوازە، بۆ نموونە:**

_ ئێوە نانتان خوارد؟

_ ئەو هات؟

ب_ پرسیاری تایبەتی: لەم جۆرە ڕستەیە، وشەی پرس بەکاردەهێنرێت، کە پرسیاری پێ لە کەسێك یان شتێك لە ناو کەرەسەکانی ڕستەدا دەکرێت، بۆ نموونە:

_ کێ هات؟

_ تۆ لە کوێ دەخوێنیت؟

_ ئەم کامیرەیەت بە چەند کڕی؟

لە مەدا بۆمان دەردەکەوێت، پرسیارکردن پێچەوانەی ڕستەی هەواڵگەیاندنە، چونکە ڕستەی هەواڵگەیاندن زانیاری دەگەیەنێت و بڵاویدەکاتەوە، بەڵام لە ڕستەی پرسدا گوێگر بە سەرچاوەی زانیاریەکە دادەنرێت. قی، ماس،٢٣_ محم، زما،٢٧،١٩٩٠.

٣_ ڕستەی فەرماندان و داخوازی: فەرماندان و داخوازی دوو کردەوەی داواکردنن و جیاوازیان لەوەدایە لە ڕستەی فەرماندان داوایەکە لە بەرزەوە بۆ نزمە و لە کەسی یەکەم بۆ کەسی دووەمە و لە کاتی ئێستادایە، بەڵام ڕستەی داخوازی داوایەکە لە نزمەوە بۆ بەرزە و نەك کاتی ئێستا هەموو کاتەکانی تر دەگرێتەوە، جگە لەمەش هەموو کەسەکانی تر دەگرێتەوە، بۆ نموونە:

_ دەتوانیت، بەیانی پەرتووکەکەم بۆ بێنیت. ( داخوازی )

_ ئەگەر ئەرك نەبێت، ئەم نووسراوەم بۆ واژۆ دەکەیت. ( داخوازی )

_ لێرە دامەنیشە. ( فەرماندان )

_ ئەم دەرگایە پێوەدە ( فەرماندان )

_ ئەم تەختە سپییە مەنووسە. ( فەرماندان ). عبد.مشی.ڕ . ڕۆن.٢٠١٣.٢٦

٤_ ڕستەی سەرسووڕمان: ( سەرسوڕمان وێنەی دەربڕینێکی لە ناکاو دەنوێنێت، لە ژێرکاریگەری هەڵچوون یان هەست دەربڕین، کە بە شێوەیەکی خەیالی یان واقعی دەبێت ). لەم جۆرە ڕستەیەدا قسەکەر بەرامبەر دیاردەکانی دەوروبەری هەستی خۆشی و ناخۆشی دەردەبڕێت و ڕستەکەش وشەیەکی سەرسووڕمان لە خۆ دەگرێت و لە کۆتایی ڕشستەکەشدا نیشانەی ( ! ) سەرسووڕمان دادەنرێت. بۆ نموونە:

_ ئاخ لەم ڕۆژگارە سەختە!

_ ئۆخەی ئەمجارەش ڕزگارمان بوو!

_ سەیرکە، ئەم گوڵە چەندە جوانە! ( أم. ٤٠، سا، ٥٠ )

٥_ ڕستەی بانگکردن: (( بانگکردن ڕێرەوێکە پەیڕەو دەکرێ بۆ بانگکردنی کەسێك، یان بۆ ورياكردنەوەی لە کارێك کە قسەکەر دەیەوێ پێی ڕابگەیەنێ بە هۆی بەکارهێنانی هەندێ ئامراز کە پێیان دەوترێ ئامرازی بانگکردن)).( سا و شلێ ٢٠٠٩ :١٢٣ ) کەواتە ئەو بانگکردنە

پێویستی به بانگکەر و بانگراو هەیە، کە بانگکەر لە ڕێگەی بە کارهێنانی ئامرازی بانگکردن، بانگکراو ئاگادار دەکاتەوە، بۆ نموونە:

_ هۆهۆ ئارێز، وەرە پێشەوە دانیشە.

_ ئەی هاوار فریامان بکەون.

٦_ ڕستەی پاڕانەوە ( دوعاکردن ): ئەم جۆرە ڕستەیە یەکێکە لە باوترین شێوازەکانی داخوازی، کە تێیدا قسەکەر ڕاستەوخۆ ڕووی دەمی خۆی دەکاتە بەرامبەرەکەی ، کە خودایە، داوای لێ دەکات ، کە کارێکی بۆ ئەنجام بدات یان ئەنجام نەدات، ئەویش بە ناوهێنانی بە یەکێك لە سیفاتەکانی وەك: خوایە، یاخوا، ئەی خوایە، ڕەبی .....) بە زۆری ئەو وشەو فرەیزانە لە ناو ڕستەدا دەکەونە سەرەتای ڕستەکەوە، بە شێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە ڕستەیە بۆ دوو مەبەست بەکاردێت، ئەویش لایەنی خێرە چاکەیە ( دوعا بۆ کردن ) یان لایەنی خراپەو شەڕە ( دوعا لێکردن )، بۆ نموونە:

_ یاخواماڵتان هەر ئاوەدان بێت.

_ ڕەبی زمانی مووی لێ بێت.

٧_ ڕستەی ڕاپەڕاندن: ئەرکی ڕاپەڕاندن لەو ڕستانە دەردەکەوێت، کە خۆیان بریتین لە ڕاپەڕاندنی کارێك، بەو واتایەی لە جیاتی ئەوەی قسەکەر کارێك بە گوێگر ڕاپەڕێنێ، قسەکەر خۆی کارەکە ڕادەپەڕێنێ و گوتنەکەشی ڕاپەڕاندنی کارەکەیە. بۆ نموونە:

_ بەڵێن دەدەم ئەو کارەت بۆ بکەم.

_ وا ئەو منداڵە ناودەنێم، کوردستان.

ئەو ڕستانەی ئەرکی ڕاپەڕاندن دەنوێنن، چەند تایبەتیەکیان تێدایە، وەك:

أ_ بکەری کارەکە کەسی یەکەمی تاك یان کۆیە، وەك: من/ ئێمە.

ب_ ئەو کارانەی لەو ڕستانەدا، دەبینرێنن کۆمەڵێکی دیاریکراوەی داخراون، وەك: ناونان، بەڵێندان، پەیماندان، گفتدان...... هتد.

٨_ ڕستەی سوێند خواردن: ئەم جۆرە ڕستەیە بریتییە لە سوێند خواردنی کەسی سوێندخۆر، کە تیایدا جەخت لە سەر شتێك دەکات و باسی دەکات بە ئەرێ یاخود بە نەرێ، ئەو ڕستەیە

جەختكردنەوەیە لە سەر ڕستەیەكی تر. واتە ڕستە جەختكراوەكە سوێند لە سەر خوراوەكەیەو زۆربەی كات ئەم جۆرە ڕستەیە، ڕستەی هەوالگەیاندنە، هەندێ جاریش ڕستەی داخوازییە.

ڕستەی سوێندخواردن لە زمانی كوردیدا لە ڕووی پێكهاتنەوە لە جۆرەكانی تری ڕستە جیاوازە بەوەی كە كارەكانی بریتین لە ( سوێندخواردن، سوێنددان، قەسەم، ...... ) واتە لە ڕووی ناوەڕۆكەوە پیچویستی بەم كەرەسانە هەیە، بكەر ( سوێند خۆر ) ، كار ، مۆرفێمی سوێند خواردن، فرەیزی پێشناوی ( سوێند پێ خوراو )، مەبەستی سوێند ( سوێند بۆ خوراو )، بۆ نموونە:

_ بەخوا كاردۆ نەمردووە.

_ وەللاٰهی ئیشەكەت بۆ تەواو دەكەم.

٩_ ڕستەی جێخۆشكردن: ڕستەی جێخۆشكردن لەو ئەركانەیە، كە زۆر بلاٰوە و لە هەموو زمانێكی سروشتیدا هەست بە بوونی دەكرێت؟، ئەم ئەركە زیاتر لەو گوتنانەدا دەردەكەوێت، كە ڕۆژانە بەكاردێت و بە سەر زاری هەموو كەسێكەوەیە بۆ مەبەستی خۆ بردنە پێشەوەیە و بارو شوێن خۆشكردن و خۆچەسپاندن لە ناو كۆمەلگەی مرۆڤدا، وەك ئەو ڕستانەی بۆ سلاٰوكردن و خواحافیزی و چاك و چۆنی بەكاردێت، بۆ نموونە:

_ چاكی؟ چۆنی؟ باشی؟

_ بەیانی باش، شەو باش...

_ سوپاس،...

_ خواحافیز، خوات لەگەلٚ، ...

ئەم ڕستانە هەر چەندە زۆربەیان لە شێوەی پرسیار دان، لە ڕاستیدا بۆ پرسیاركردن نایەن، بەلٚكو قسەكەر بۆ ئەوە بەكاریان دێنێت، كە خۆی لە گوێگر نزیك بكاتەوەو شوێنی خۆی لە ڕووی كۆمەلاٰیەتییەوە بچەسپێنێ....مح١٩٩٠، ٢٧_ سا ٢٠١٣،٥٣

# کەرەسە سەرەکییەکانی ڕستە

## أ_ بکەر Subject:

بکەر کەرەسەیەکی سەرەکی ڕستەیە، بریتییە لە یەکەم فرەیزی ناوی و لە ژێر دەسەڵاتی ڕستەدایە، بە شێوەیەکی گشتی لە زمانی کوردیدا دەکەوێتە سەرەتای ڕستە و کاری ڕستەکە باسێك لە بارەی بکەرەکە ڕادەگەیەنێت، بۆ نموونە:

_ هێمن نووست.

## جۆرەکانی بکەر

١_ بکەری ڕێزمانی: بەو بکەرانە دەگووترێت، کە بکەری ڕاستەقینە نین بەڵکو لە ڕووی ڕێزمانییەوە بکەرن، واتە تەنیا شوێنی بکەریان لە ڕستەدا پڕ کردۆتەوە، بۆ نموونە: شیرەکە ڕژا.

٢_ بکەری لۆجیکی: بەو بکەرانە دەگووترێت، کە بکەری ڕاستەقینەن و ئەرکی بکەر لە ڕووی واتاییەوە جێبەجێ دەکەن ، بۆ نموونە: کاروان ڕۆیشت.

٣_ بکەر دیار: ئەم جۆرە بکەرە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە شێوەی ناو یاخود جێناو لە ڕستەدا دەردەکەوێت و ئەرکی خۆی بە جێ دەگەیەنێت، بۆ نموونە: ئاریێز سێوەکەی خوارد.

هەردوو جۆری بکەری ڕێزمانی و بکەری لۆجیکی دەچنە ناو خانەی بکەر دیار، چونکە لە نێو ڕستەدا دەردەکەون.

٤_ بکەر نادیار: ئەم جۆرە بکەرە لە ڕستەدا دەرناکەوێت و بە شێوەیەکی نادیار باسی لێوە دەکرێت، بۆ نموونە:

_ نامەکە نووسرا.

_ نامەکە دەنووسرێ.

٥_ بکەرنادیاری ئاماژەپێکراو: ئەو جۆرە بکەرەیە، کە لە زمانی کوردیدا بە ڕێگەی وەسفی ڕستەسازی ئاماژە بە بکەر دەکرێت، واتە لە شوێنێکی تر ناو ڕستەدا هەست بە بوونی بکەر دەکرێت، بۆ نموونە:

_ زەردەشت بە هۆی سەردەشتەوە دامەزرێنرا.

_ کراسەکە بە دەستی هاوژین شوشترا.

### ب_ بەرکار Object:

بەرکار ، لە ناو ڕستەدا لە ژێر کردەی کاردایە، ئنجا ئەگەر ئەو کەرەسەیە راستەخۆ لە ژێر کاریگەری کار دابێت، ئەوا پێی دەووترێت **بەرکاری ڕاستەوخۆ** و دەبێتە کەرەسەیەکی سەرەکی ڕستە. بۆ نموونە:

_ هاوڕێ گۆڤارێکی کڕی.

بەلأم **بەرکاری ناڕاستەخۆ** کەرەسەیەکی ناسەرەکی ڕستەیە و ئەو کەرەسەیە لە ناو ڕستەدا بە شێوەی فرەیزی پێشناوی دەردەکەوێت و ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کارەکەو فرەوانی دەکات، بۆ نموونە:

_ هیوا بە پایسکل وەرزش دەکات.

### ج_ نیهاد:

بەشێکی سەرەکی ڕستەیەو ئەو بەشەشە، کە لە ڕستەدا کردەوەیەك ئەنجام نادات، بەڵکو کارێکی ناتەواوی دەدرێتە پاڵ، یان سیفەتێکی دەدرێتە پاڵ. دەبێت کاری ڕستەکە کارێکی ناتەواو بێت، دەشێت نیهاد لە ( ناو، جێناو، چاووگ،... ) پێکبێت، بۆ نموونە:

_ ئازا مامۆستایەکی زیرەك بوو.

### د_ گوزارە:

گوزارە بەشێکی سەرەکی ڕستەیەو ئەو بەشەیە، کە لە ڕستەدا هەواڵی کردنی کارێك دەداتە پاڵ نیهاد، گوزارە لە زمانی کوردیدا لە تەواوکەرێك و کاری ناتەواوی (بوو، دەبێت، ە ) ، کە لە چاوگی ( هەبوون ) وەرگیراون، پێکدێت، ئینجا تەواوکەریش، دەشێت ( ناو، جێناو، چاووگ،... ) بێت، بۆنموونە:

_ ئاسودە  دەبێت بە مامۆستا.

_ ئەو کوڕە برای منە.

_ کاری قوتابی خوێندنە.

## ناوNoun

ناو بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، ئەو بەشەیەیە، کە ناوی گیانداریك، یان بێ گیانێك، یان بیریك، یان کاریك دیاری دەکات. بۆ نموونە: ژن، کۆتر، خەم، برِوا، جوانی، منداڵی، کۆکە، دروومان...... هەروەها مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی: ( ەکە، یك، ان ) وەردەگرێت و لە ڕستەشدا ئەرکی : نیهاد، بکەر، بەرکاری ڕستەوخۆ، تەواوکەر، تەواوکەری کاری ناتەواو..... دەبینێت، بۆ نموونە:

_ پیرۆت کاری دارتاشی دەکات.

هەروەها ناو لە ڕووی ناوەرِۆکەوە پێکدێت لە:

١_ ناوی تایبەتی: هەولێر، قەلأدزێ، کاوە.....

٢_ ناوی گشتی: مامۆستا، کورِ.....

٣_ ناوی کۆمەڵ: لەشکر، میللەت، چەپك.....

ناو لە ڕووی ڕۆناوە پێکدێت لە:

١_ ناوی سادە: کانی، ئاو......

٢_ ناوی ناسادە:

أ_ ناوی دارێژراو: باخچە، پیاوەتی، ملوانکە...

ب_ ناوی لێکدراو، گولأو، گوڵبەهار.....

## جێناو Pronoun

جێناو بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن. جێناو وشەیەکی ڕێزمانییە، کە دەتوانرێت، بەکار بێت لە جیاتی ناوێك یان فرەیزێکی ناوی. واتە جێناو وەکو ناوێك بەکاردەهێنرێت، ئەرکەکانی ناوبیش دەبینێت، بەلأم نابێتە ئەو واتە نابێتە ناو. هەر بۆیە جێناو وەکو شوێنگرەوەیەکی دانەیەکی واتادار خۆی دەنوێنێت، بەلأم واتاکە وەرناگرێت، بۆ نموونە: ئەگەر جێناوی ( ئەو ) لە ڕستەی ( ئەو بگرە )دا مەبەستی ( کچێك ) بێت، ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە ( ئەو ) مانای کچێك دەگەیەنێت. جێناو چەند جۆرێکی لە زمانی کوردیدا هەیە، کە ئەوانیش پێکهاتوون لە: ( جێناوی کەسی سەربەخۆ ، جێناوی خۆیی، جێناوی ئاماژەکردن، جێناوی دیار، جێناوی نادیار، جێناوی هەیی، جێناوی پرس، جێناوی نەرێ، جێناوی چەندێتی، جێناوی هاوبەش )، بۆ نموونە:

_ من هاتم.

_ ئەمە دەکرِم.

_ کێ دەناسی.

# چاوگ Base

چاوگ وشەیەکە واتای کارێك دەبەخشێت، کە نەخراوەتە پاڵ کەسێك یان شتێك و کاتیشی تێدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا سەر بە فۆڕمە گەردان نەکراوەکانی کارە. وەکو ناوێکیش لە ڕستەدا سەرجەم تایبەتییەکان و ئەرکەکانی ناو دەبینێت و دەبێتە سەرچاوەی داڕشتنی هەموو جۆرو کاتەکانی کار. هەروەها لە زمانی کوردیدا نیشانەکانی چاوگ، ئەمانەن: ( ان، تن، دن، ین، وون ) و بە نوونی ( ن ) کۆتایی چاوگیش دەگووترێت ( نوونی چاوگ )، بۆ نموونە:

_ خنکان، کەوتن، ژماردن، فڕین، دروون...

_ خوێندن چاوی مرۆڤ دەکاتەوە.

# فرەیز Phrase

## چەمك و پێناسەی فرەیز:

فرەیز زاراوەیەکی سینتاکسییە،جگە لەم زاراوەیە، زاراوەی تریشی بۆ بەکاردێت، وەکو: ( فرێز، دەستەواژە، گرێ، کورتیلە ڕستە). لە زمانی عەرەبیش بە ( العبارة، العقدة ) ناودەبرێت.

فرەیز لە ڕێزمانی کۆندا بەم شێوەیە پێناسە دەکرا:

(( گرێ کۆمەڵە پەیڤێکە پەیوەندییان بە سەر یەکەوە هەیە، بەڵام واتاو بیرێکی تەواو نادات بە دەستەوە ، چونکە کارێکی لەگەڵدا نییە)).

(( بریتییە لە کۆمەڵە واژەیەك، کە نە مەعنایەکی تەواو ئەبەخشێ، وە نە فرمانێکیان لەگەڵدا ئەبێ)).

(( فرێز بەو دانە سادە سینتاکسییە دەوترێ، کە لە دوو یاخود چەند وشەیەکی سەربەخۆ پێکهاتبێ و ڕێزمان بەیەکەوەی بەستبێ))

بۆ نموونە: چیای بەرز، کوڕی ئازا، لە سەر مێزەکەدا، ترێی مێخۆش، درەختە بەرزەکە.

فرەیز لە ڕێزمانی نوێدا بەم شێوەیە پێناسە کراوە:

(( بریتیە لە وشەیەك یان زنجیرە وشەیەك، کە وەك یەکەیەکی سینتاکسی گۆکردنێکی سینتاکسی هەبێت و لە جێکەوتەی تری ڕستەدا وەك ئەو یەکەیە بەکاربهێنرێتەوە)).

بەم شێوەیە فرەیز دەکرێت لە تاکە وشەیەك یان زیاتر بە پێی پێویستی پێك بێت و ئەرکی ڕێزمانی جیا جیا ببینێت. بۆ نموونە:

_ ئارام ئۆتۆمۆبێلەکەی لە هەولێر کڕی .

(ئارام) فرەیزێکە لە تاکە وشەیەك پێکهاتووەو بکەری ڕستەکەیە، (ئۆتۆمۆبێلەکەی) فرەیزێکە لە تاکە وشەیەك پێکهاتووەو بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەکەیە ( لە هەولێر ) فرەیزێکە لە وشەیەك زیاتر پێکهاتووەو بەرکاری ناڕاستەوخۆی ڕستەکەیە، لە ناو ئەم فرەیزەشدا فرەیزەی تر هەیە، ئەویش فرەیزی( هەولێر)ە، (کڕی) فرەیزی کاری ڕستەکەیە.

**جۆرەکانی فرەیز :** فرەیز چەند جۆرێکی هەیە، لێرەدا هەندێك لەو فرەیزانە دەخەینەڕوو:

١_ فرەیزی ناوی: فرەیزی ناوی سەرە ( Head )کەی پێکهاتووە لە ناو ، هەموو پەیوەندییەکانی تر لە ژێر حوکمی سەرەکە دان، ئەم فرەیزە بە ئاوەڵناو ناوو ژمارە.... هتد فرەوان دەکرێت، نموونە:

_ فەریدون دەخوێنێت. ( فرەیزی ناوی سادەی ناوك )

_ کرێکارەکان کار دەکەن. ( فرەیزی ناوی سادەی فرەوانکراو لە ناوەوە )

_ هەر تەنها ئەم چەند کتێبە دەکڕم. (فرەیزی ناوی سادەی فرەوانکراو لە دەرەوە )

_ پێشمەرگەی ئازا سەردەکەوێت. (فرەیزی ناوی سادەی فرەوانکراو لە دەرەوە )

_ ئارام و ئاسۆ دەچن بۆ زانکۆ. (فرەیزی ناوی لێکدراو )

٢_ فرەیزی کاری: فرەیزی کاری کەرەسەیەکی سەرەکی ڕستەیە، سادەترین فرەیزی کاری پێکهاتووە (ڕەگ و کەس و جێناو )، ڕەگی کارەکە سەرەکەیەتی، لە ڕستەدا فرەیزی کاری کەرەسەیەکی بە خورتییە.

_ نارد ت ، كردمان ، هات......

**٣_ فرەیزی ئاوەڵناوی: فرەیزی ئاوەڵناوی ئەو فرەیزەیە، کە سەرەکەی دەبێت ئاوەڵناو بێت، چونکە ئەم فرەیزە بە بێ ئاوەڵناو دروست نابێت، بۆ نموونە: بچووك، ، درێژ، گەورە......**

**_ سروشتی کوردستان دیمەنی جوانی زۆرە.**

**_ فەرهاد ئۆتۆمۆبێلێکی باشتری کڕی.**

**_ جوانترین دیاری هەڵبژێرە.**

**٤_ فرەیزی ئاوەڵکاری: فرەیزی ئاوەڵکاری ئەم جۆرە فرەیزەیە، کە دەبێت سەرە ( Head )کەی ئاوەڵکار بێت. بە شێوەیەکی گشتی ئاوەڵکاری سادە لە زمانی کوردیدا ژمارەیان زۆر کەمە، وەك ( هەرگیز، هەمیشە، دیسان....... )**

**_ منداڵەکە خێرا دەڕوات.**

**_ دیسان شەهێن هاتەوە.**

**٥_ فرەیزی پێشناوی: ئەو فرەیزەیە بە یارمەتی پێشناوەکانی ( بە، لە، بۆ، تا، وەك، بێ ) لەگەڵ ناوێك یان جێناوێك... دروست دەبێت، واتە ئەم پێشناوانە لە پێش ناوەکە یان جێناوەکە دێن و فرەیزێکی پێشناوی پێکدەهێنن. بۆ نموونە: بۆ تۆ ، وەك ڕزگار.....**

**هەروەها فرەیزی پێشناوی، هەندێ جار پاشناوەکانی ( ەوە/وە، دا، ڕا ) وەردەگرێت، بۆ نموونە: لە هەولێرەوە،......**

**_ نموونەی رستەیی:**

**_ باوکەکە بە کوڕەکەی دەخوێنێت.**

**_ کتێبەکەم بۆ کتێبخانە بردەوە.**

**_ ژنەکە خوێی لە چێشتەکە کرد.**

**_ ئاسۆ پارەکەی لە گیرفان دانا.**

**_ درەختەکەی لە ڕەگ و ڕیشەوە دەرهێنا.**

**_ ئەو هەواڵەکەی بە ئێمە گەیاند.**

**ئەرکەکانی فرەیز:**

١_ بکەر: ( ئاکۆ چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە ).

٢_ بەرکاری ڕاستەوخۆ: ( پۆلیسەکە ئاکۆی گرت ).

٣_ نیهاد : ( ئاکۆ مامۆستایە ).

٤_ گوزارە: ( ئەم کراسە سپییە ئاکۆیە ).

٥_ بەرکاری ناڕاستەوخۆ: ( هۆنراوەکە بۆ ئاکۆ بخوێنەوە ).

تۆ هۆنراوەکەی پەشێو بۆ ئاکۆ بخوێنەوە ).

٦_ دەرخەی ناو: ( کوڕی ئاکۆ هاوڕێمە ).

( خانوێکی چۆنت کڕی؟ )

( خانوێکی هەرزانم کڕی ).

٧_ تەواوکەر : ( من شاهۆ بە شاعیر دادەنێم ).

## پێکهاتەی سینتاکسی ڕستە ( قالب وڕیز کردنی کەرەسەکانی ڕستە )


ڕستە پێکهاتەیەکی سینتاکسی هەیە، هەر بۆیە تاکو ئێستا گەلێ پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، بەڵام ئەوەی زیاتر جەختی لە سەر دەکرێتەوە، ئەم پێناسەیەیە، کە دەڵێت: (( هەر فۆرمێکی زمانی سەربەخۆ بێت، نەبێتە بەشێك لە کەرەسەی گەورەترو پەیوەندی ڕێزمانی لەگەڵ کەرەسەی تردا نەبێ، ئەوا ڕستە پێك دێنی )). وشە وەکو یەکەیەکی زمان بەشدارییەکی ڕاستەوخۆی لە داڕشتنی ڕۆنانی ڕستەدا دەکات، جا ئەم بەشداریکردنە ڕەنگە بە شێوەیەکی سەرەکی، یان ناسەرەکی بێت. پێکهاتەی سینتاکسی ڕستە بە گوێرەی گونجاندنیان لەگەڵ یەکتریدا ئەم کەرەسانە لە خۆ دەگرێت، کە بە شێوەیەکی ڕیزبەند لە ڕستەدا بە دوای یەکتریەوە دێن و ئەرکی ڕێزمانی و واتایەکی دروست دەبەخشن. بۆ نموونە:

_ من ئێوەم لە کتێبخانە بینی.

ئەم درانەپاڵیەکەی کەرەسەکان بە شێوەیەکی ڕیزبەندی، کە لەم ڕستەیەدا هاتووە، واتە لێکدانی وشە لەگەڵ فرەیز بۆ پێکهێنانی ڕستەیەکی دروست، ئەمە وا دەکات ئەو

بنەماویاسایانەش، کە ئەم ڕستەیەی پێ لێکدراوە دیاری بکرێت. هەر بۆیە ڕێزمانی بەرهەمهێنی چۆمسکی ڕستەی لە ڕیزی پێشەوەی پێکهاتە سینتاکسیەکان داناوە، بەم شێوەیەش پێناسەی کردووە، ڕستە پێکدێت لە فرەیزی ناوی وفرەیزی کاری. بۆ نموونە:

**ئەو هات.**




لە لێکۆڵینەوەکانیشدا لە کەرەسەی گەورەوە بۆ بچوك دەست پێ دەکەن، کە بەم شێوەیە ڕستە پاشان فرەیز، وشە .... هتد. ڕیزبوونی کەرەسەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازیان هەیە، بۆ نموونە:

_ اشتری الولد کتابا.

The boy bought a book. _

لە زمانی ئینگلیزی ڕیزبوونی کەرەسەکانی بە شێوەی بکەر _ کار _ بەرکار ( SVO ) ە، لە زمانی عەرەبیدا بە شێوەی کار_ بکەر _ بەرکار (VSO)ە، کەچی زمانی کوردی ڕیزبوونی کەرەسەکانی بە شێوەی بکەر _ بەرکار _ کار ( SOV ) ە، گەلێك شێوەی ڕیزبوونی تریش وەکو بەرکار _ بکەر _ کار و کار _ بکەر _ بەرکار هەیە. ڕەنگە هەندێ جار ڕیزکردنی ڕۆنانی ڕستە گۆڕانی بە سەر دابێت و شێوەی ڕیزکردنەکەی بگۆڕێت، بە تایبەتی کاتێك ڕستەیەك کورت دەکەینەوە. بۆ نموونە: _ گرتمت ( کار + بەرکار + بکەر )

یاخود جۆری کارەکە کاریگەری هەیە، لە سەر ڕیزبوونی کەرەسەکانی ناو ڕستە، هەر بۆیە کار ژمارە جێکەوتەکان و شێوەی ڕیزکردنی جێکەوتەکانی لە ڕستەدا دیاری دەکات، بۆ نموونە ئەگەر کارەکە تێپەڕ بێت، ژمارەی جێکەوتەکانی جیاوازە لەگەڵ ئەوەی، کە کارەکە تێنەپەڕ بێت. بە شێوەیەکی گشتی دوو ڕیزکردنی وشە لە ڕستەدا بەدی دەکرێت، ئەویش: (

**چەسپاو، ئازاد ) ە. بەم شێوەیە دەگەینە ئەوەی، کە ڕستە لە زمانی کوردیدا دابەش دەبێت، بۆ سەر دوو پێکهاتە، ئەوانیش: ( پێکهاتەی چەسپاو، پێکهاتەی ئازاد )ن.**

## ١_ پێکهاتەی چەسپاو:

**قاڵبەکانی پێکهاتەی ڕستەی چەسپاو بە پێی کەرەسە سەرەکییەکانی ڕستە دیاری دەکرێن. لە زمانی کوردیدا دەکرێت، شەش قاڵبی بنجی ڕستە دەستنیشان بکەین. کەرەسە سەرەکییەکانی وەکو: ( بکەر، بەرکار، تەواوکەر، کار )، کەرەسەی بە خورتیین و ئەرکی سینتاکسی لە ڕستەدا دەبینن، بەم شێوەیە قاڵبە چەسپاوەکانی ڕستە دەخەینەڕوو:**

**١_ بکەر + کار ← ئەو هات.**

**٢_ بکەر + بەرکار + کار ← کابرا ئەوی ناوێت.**

**٣_ بکەر + تەواوکەر + کار ← بۆیەکە بە دەستیەوە نووسا.**

**٤_ بکەر + کار + تەواوکەر ← ئەو بوو بە مامۆستا.**

**٥_ بکەر + بەرکار + کار + تەواوکەر ← ئێمە ئەوانمان خستە ئاوەکەوە.**

**٦_ بکەر + بەرکار + تەواوکەر + کار ← من ئەوان بە زیرەك دەزانم.**

**ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم شەش ڕستەیە دەبینین، پێکهاتەیەکی چەسپاویان هەیە و کەرەسە سەرەکییەکانی پێکهاتوون لە: ( بکەر، بەرکار، تەواوکەر، کار )، بەم شێوەیە کەرەسە سەرەکییەکان ڕیزبوونێکی چەسپاو لە خۆدەگرن. مەبەست لە (( ڕیزبوونی چەسپاو ئەوەیە، کە هەر گۆڕانێك لە ڕیزبوونی کەرەسەکان، لە سنوری گرێکاندا، ڕوودەدات، دەبێتە هۆی گۆڕانی ئەرکی سینتاکسی ڕستەکە و هەروەها لێکدانەوەی واتایی کەرەسەکان دەگۆڕێت )). واتە لە پێکهاتەی ڕستەی چەسپاودا کەرەسەکان نابێت لە شوێنی خۆیاندا جێگۆرکێیان پێ بکرێت، چونکە بە هۆی جێگۆڕکێی کەرەسەکان ئەرکی سینتاکسی و واتای ڕستەکە دەگۆڕێت. بۆ نموونە:**

| | |
|---|---|
| **_ من ئەوم بینی.** | **_ ئەو منی بینی.** |
| **بکەر بەرکار** | **بکەر بەرکار** |

## ٢_ پێکهاتەی ئازاد:

ڕیزبوونی وشەکان لە پێکهاتەی ئازاددا، پێکهاتووە لە: (( ڕیزبوونی وشەکان لە ناو ڕستەدا بە چەند شێوەیەکی جیاواز، بیّ ئەوەی کار لە واتای ڕستەکە بکات )). واتە کەرەسەکان لە ناو ڕستەدا، ئازادانە جێگۆڕکێیان پیّ دەکرێت، بەبیّ ئەوەی ئەرکی سینتاکسی یان واتایان بگۆڕێت. ئەو کەرەسانەش پێکهاتەی ئەو فرەیزە پێشناوی و ئاوەڵگوزارەیی و ڕادانە دەگرێتەوە، کە جێکەوتەی سەرباریان لە ڕستەدا پڕکردۆتەوە. کەواتە سەربارەکان لە ڕستەدا دەتوانرێت، جێگۆڕکێیان پیّ بکرێت. بەم شێوەیە:

١_ فرەیزی پێشناوی لە پێکهاتەی ئازاد دا. بۆ نموونە:

_ نامەکەم بە ئەو نارد. _ بە ئەو نامەکەم نارد.

٢_ فرەیزی ئاوەڵگوزارەیی ( کاتی، شوێنی، چۆنیەتی ). بۆ نموونە:

_ من بە شەو دەخوێنم. _ بەشەو من دەخوێنم.

_ ئەو لە ژێر دارەکە نووستووە. _ لە ژێر دارەکە ئەو نووستووە.

_ ئەوان بە پەلە ڕۆیشتن. _ بە پەلە ئەوان ڕۆیشتن.

٣_ فرەیزی ڕادە. بۆ نموونە:

_ منداڵەکە کەمێك شیری خوارد. _ منداڵەکە شیری کەمێك خوارد.

_ کەمێك شیر منداڵەکە خواردی.

هەر بۆیە دەبینین، لە پێکهاتەی ئازاددا سەربارەکان شوێنێکی تایبەتییان نییە و تا ڕادەیەکیش ئازادانە جێگۆڕکیّ دەکەن، ئەرکیشیان پێدانی زانیاری زیاترە لە ڕستەدا.

ئەحمەد محەمەد

## نیشانەی ناسیاوی بەپێی زمانەکان:

دیارە نیشانەکانی ناسیاوی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازی هەیە، ئەمەش وا دەکات، کە شوێنی لە بەشەکانی ئاخاوتن و شوێنی لە کاتی بەکارهێناندا جیاواز بێت، بە پێی تایبەتی زمانەکەی بێت، هەربۆیە لە زمانی کوریدا (( نیشانەی ناسیاوی ئەو نیشانەیە، کە بە دوای ناوەوە یان ئاوەڵناوەوە دەلکێنرێ، بۆ ئەوەی بکرێ بە ناسیاو )). کەواتە نیشانەی ناسیاوی دەکەوێتە دوای ناوو ناوئاساکان و پێوەی دەنوسێت و دەیکات بە ناسراو و دەست نیشانی دەکات، فۆڕمەکانی نیشانە ناسیاوەکانی زمانی کوردی لە ( _ ەکە ) و ئەلۆمۆرفەکانی پێکهاتووە. بۆ نموونە:

_ کتێبەکە....

_ بەردەکە گەورەیە.

لەم ڕستەیەدا نیشانەی ناسیاوی( – ەکە ) لە دوای فرەیزی ناوی( بەرد ) هاتووە، مۆرفێمێکی بەندی ڕێزمانییە ڕۆڵی دەرخەری بینیوەو بە فرەیزی ناوی ( بەرد ) ەکەوە نووساوە و ( بەرد ) ەکەش بۆتە دەرخراو. کەچی لە زمانی ئینگلیزیدا، دەرخەر وشەیەکە، شێوەکانی لەگەڵ ناو دا دێت، لە پێش ناو دێت، ئاماژە بۆ نزیکی و ناسراوی ناوەکە دەکات. بۆ نموونە :

_ The book.

The یەکێکە لە دەخەرەکانی زمانی ئینگلیزی، کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەکاردێت و بە وشەی ( book ) نە لکاوە، بەڵکو وەکو وشەیەکی سەربەخۆ، لە پێشی هاتووە ، کەچی لە زمانی عەرەبیدا نیشانەی ناسیاوی ( ال ) لە پێش ناو دێت و ناسراوی دەکات. واتە بە شێوەی سەربەخۆ بەکار نایەت، ناوەکە دەکاتە ناسیاوی و پێوە دەلکێت. بۆ نموونە:

_ الکتاب ( کتێبەکە )

کەواتە ئەم ڕاستییە بە دیاردەکەوێت، کە نیشانەکانی ناسیاوی لە زمانی کوردی وئینگلیزی و عەرەبیدا لە یەکتری جیاوازن، بەم شێوەیە نیشانەکانی ناسیاوی شوێنیان لە بەشەکانی ئاخاوتنی زمانەکاندا جیاواز دەبێت.

## پێشناوPreposition :

پێشناو لە دابەشکردنی بەشەکانی ئاخاوتندا، لە ڕیزی وشەی سەربەخۆ دایە و سەر بە وشەی ئەرکییە، هەر بۆیە بەم شێوەیە پێناسەی پێشناو دەکرێت. پێشناو (( ئەو بەشەی ئاخاوتنە، کە وجودی سەربەخۆی هەیەو واتاکەی لە پاڵ وشەی تردا دەردەکەوێت و پەیوەندی نێوانی ناوو ئاوەڵەکانی لەگەڵ بەشەکانی تری ئاخاوتن دا پێك دێنێت لە داڕشتنی ڕستەدا )). بەم شێوەیە پێشناوەکان وەکو کەرەسەیەکی سەربەخۆ دەردەکەون، کاتێك کەرەسەکانی ڕستە بەیەکەوە دەبەستنەوە، هەم واتا بۆ خۆیان هەم بۆ ڕستەکانیش پێکدەهێنن. هەربۆیە پێشناوەکان لە ڕواڵەتدا سەربەخۆن و دەکەونە پێش ( ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، ژمارە ) بۆ نیشاندانی پەیوەندی نێوان ئەو وشانە لەگەڵ وشەکانی تری هەمان ڕستە. بەم شێوەیە فۆڕمەکانی پێشناو لە زمانی کوردیدا پێکهاتوون لە: ( بۆ، لە، تا، وەك، بێ، بە )

## پاشناوPostposition:

زۆر جار پاشناو بەشدارە لە پێکهێنانی فرەیزی پێشناویدا، هەر بۆیە ( لە زمانی کوردیدا پاشناوەکان بە کۆتایی فرەیزە پێشناویەکانەوە دەنووسێن ). واتە پاشناو بە تەواوکەری فرەیزی پێشناوییەوە دەلکێت و فرەیزەکە دادەخات. ئەم پاشناوانەش جۆرێکن لە مۆرفێمی بەندی ڕێزمانی، کە بە نووسەك دادەنرێن. پاشناو مۆرفێمێکی ڕێزمانی ناسەربەخۆیە، بە تەنیا واتایان نییەو دەرناکەون، بەڵکو ئەرکی لەگەڵ پێشناو دەردەکەوێت و واتای جۆراوجۆر دەبەخشێت. فۆڕمەکانیان لە زمانی کوردیدا پێکهاتوون لە: (( ەوە// وە، دا، ڕا )). بۆ نموونە:

_ ئەم شارە بە تۆوە جوانە.( پاشناو )

_ هێمن لە کەرکوك ڕا هاتووە.

_ ئەمساڵ لە بەهاردا گەشتی زۆر دەکەین.

_نازەنین لە ماڵەوە نان دەکات.

ئەم پاشناوانە پێویستیەکی ڕێزمانی دەیان هێنێتە ناو ڕستە بە دوایاندا هیچ پاشگرێکی مۆرفۆلۆجی نایەت. بەم شێوەیە کاتێك تەواوکەری فرەیزی پێشناوی، پاشناوێك وەردەگرێت، پاشان ئەم فرەیزە نیشانەکانی ناسیاوی و نەناسیاوی و کۆ وەرناگرێت، یەکسەر لەگەڵ وەرگرتنی پاشناوەکەدا، فرەیزەکە دادەخرێت.

**ئاوەڵناو:**

**بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، واتای سیفەت وچۆنیەتی و خاسیەت و تایبەتمەندی و نیشانە ڕادەگەیەنێت، لە بواری ڕستەسازیدا ئاوەڵناو دەبێتە دەرخەری ناوو ناوئاسا، لە پاڵئەوەی کە وەکو دەرخەر ئەرك دەبینێت، هەروەها دەشتوانێت وەکو بەشێکی گوزارە خۆی بنوێنێت، بۆ نموونە:**

**_ ماسیی گەورە بکڕە.**

**_ ئاوەکە گەرمە.**

**لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی زۆر لە ناوی بکەری و ناوی بەرکاری دەبن بە ئاوەڵناو، پێیان دەگووترێت: ( ئاوەڵناوی بکەری )و( ئاوەڵناوی بەرکاری ).**

**أ_ ( ئاوەڵناوی بکەری ) یش دەبێت بە دوو جۆر:**

**١_ ئاوەڵناوی بکەری داڕژاو ٢_ ئاوەڵناوی بکەری لێکدراو**

## ١_ ئاوەڵناوی بکەری داڕژاو :

**ئاوەڵناوی بکەری داڕژاو وشەیەکە هەمیشە سیفەتێکی هەڵگرتووەو سیفەتی بەردەوام دەدەن بە خاوەنەکانیان، ئەم جۆرە ئاوەڵناوە بە زۆری لە چاووگ و ناو بە یاریدەی پێشگر و پاشگر پێکدەهێنرێت. بۆ نموونە:**

**_ ئافرەتی نوسەرو خوێنەر ڕۆشنبیرە.**

**_ مرۆڤی نوستوو( نوستی ) ئاگای لە خۆی نییە.**

**_ پشت بە پیاوی لەرزۆك مەبەستە.**

**_ مرۆڤی دادگەر لە ژیاندا سەردەکەوێت.**

**_ خوای پەروەردەگار بە کارەکانت دەزانێت.**

**_ پیاوی زانا ژیرانە بیر دەکاتەوە.**

**ڕۆنانی ئاوەڵناوی بکەری داڕژاو:**

**١_ ڕەگی کار + پاشگر**

**نوس + ەر = نوسەر، خوێنەر**

**کڕ + یار = کڕیار، فرۆشیار**

**لەرز + ۆك = لەرزۆك، گەڕۆك**

**زان + ا = زانا، توانا**

**٢_ ناوی واتایی + پاشگر**

**هۆش + مەند = هۆشمەند**

**داد + گەر = دادگەر**

**پەروەردە + گار = پەروەردەگار**

**٣_ ناوی بەرجەستە + پاشگر**

**نان + ەوا = نانەوا**

**شاخ + ەوان = شاخەوان**

**باڵ + ندە = باڵندە**

**٤_ پێشگر + ڕەگی کار + پاشگر**

**ب + خۆ + ەر = بخۆر ( نە خۆر )، بکەر**

**٥_ پێشگر + ڕەگی کار**

**نەمر ( بمر )، بنووس، بگۆڕ، نەگۆڕ، بکوژ( نەکوژ).**

**٦_ قەد + پاشگر**

**نووستوو، فڕیو، بەزیو، ڕزیو**

**٧_ قەد + پاشگر**

**خوێند + ەوار= خوێندەوار**

**٨_ ڕەگی کاری داڕژاو**

**داگر، هەڵگر، داماڵ، ڕاماڵ**

دکتۆر ئەمیر موحەممەد

له نێو ناوی بکەریدا  ئەم شێوە پێکهاتانەی وشە بە شێوەیەکی دیار   دەبنە ئاوەڵناوی بکەری دارِژاو وەکو: ( مردوو، کەوتوو، ڕزیو، لەرزۆك، گەڕۆك، زانا ، توانا، بکوژ، بوێر، نەمر، نەبەز... هتد )

## _  ئاوەڵناوی بکەری لێکدراو:

ئاوەڵناوی بکەری لێکدراو ( ناوی بکەری ) یشی پێدەگوترێت، وشەیەکە سیفەتێکی هەمیشەیی و توانایەکی تایبەتی بە هەڵگرەکەی دەبەخشێت ، ئەم جۆرە ئاوەڵناوە بە چەندین ڕێگەی جیا جیا دروست دەکرێت.

**نموونەی ڕستەیی:**

١_ شوێنی ڕاوکەرەکە پێدەزانم.

٢_ گەلی دواکەوتوو  کێشەی زۆرە.

٣_ هاوڕێیەتی پیاوی مەیخۆر مەکە.

٤_  ڕاوکەرەکان  هاتن.

٥-  من مەیخۆرێك دەناسم.

٦_ مرۆڤی ئیشکەر  خۆشەویستە.

٧_ کامێرای وێنەگرەکە شکا.

٨_ مرۆڤی پیاوکوژ  دوارۆژی نادیارە.

٩_ مرۆڤی ڕاستگۆ  سەربەرزە.

١٠_ وێنەگرەکە هات.

## ڕۆنانی  ئاوەڵناوی بکەری لێکدراو:

_  ئیشکەر......   ئیشکردن

_ خەباتکەر......  خەباتکردن

_ ڕاوکەر .......   ڕاوکەر

_ خواپەرست ...  خوا پەرستن

_ وێنەگر .........  وێنەگرتن

_ دواکەوتوو...   دواکەوتن

_ خوێنمژ ....  خوێنمژین

_ خۆشنووس .....  خۆشنووسین

_ ڕەشپۆش....   ڕەشپۆشین

_ ڕاستگۆ ......  ڕاستگوتن

_ کەمخۆر ...... کەمخواردن

_ زۆرخۆر... زۆر خواردن

**ب_ ( ئاوەڵناوی بەرکاری ):** ئەم جۆرە ئاوەڵناوە ( ناوی بەرکاری، ئاوەڵناوی کراو، ئاوەڵناوی جێگری بکەری ) یشی پێدەگوترێت و دابەشی سەر دوو جۆر دەبێت:

١_ ئاوەڵناوی بەرکاری داڕژاو    ٢_ ئاوەڵناوی بەرکاری لێکدراو

**١_ ئاوەڵناوی بەرکاری داڕژاو :** ئەم جۆرە وشەیە یاخود ئاوەڵناوە ئەگەر لە ڕووی واتاییەوە سەیری بکەین، کردەوەیەکی بە سەر داهاتووە، ئەم کردەوەیە بۆتە سیفەتێکی هەمیشەیی بۆ خودی ئاوەڵناوەکەو بە بێ ئەوەی بزانین یاخود زانیاریمان هەبێت، کە ئەوە کردەوەکەی بە سەر ئاوەڵناوەکەدا هێناوە چییە و کێیە. بۆ نموونە.

_ زەوی کێڵراو دەکڕم.

ئاوەڵناوی بەرکاری داڕژاوی ( کێڵراو ) لە چاوگی ( کێڵان) + پاشگری ( راو_ رای ) پێکهاتووە، ئەم وشە بەم شێوە نوێیەوە، بۆتە سیفەتێکی هەمیشەیی بۆ وشەی ( زەوی ) واتە بۆتە دەرخەری ناوی ( زەوی ) و وەسفی ناوەکەی پێش خۆی کردووە.

_ نانی سوتاو مەکڕە.

_ بابەتی هەڵبژاردە دەخوێنین.

_ ماسیی برژاو بهێنە.

_ وانەیەکی نوسراو دەخوێنمەوە.

_ ئەم کتێبە فرۆشراوانە بۆ ئاسۆ ببە.

دەکرێت، ئاوەڵناوی بەرکاری داڕژاوی وەکو ناوی بەرکاری لە ڕستەدا بەکار بهێنرێت، ئەرك و تایبەتییەکانی ناو لە ڕستەدا ببینێت. بۆ نموونە:

_ من نوسراوەکەم بۆ تۆ نارد.

بە زۆری ئاوەڵناوی بەرکاری دارِژاوی لەو چاوگانە وەردەگیرێت، کە تێپەرن، هەروەها لە چاوگی ئەلفی تێنەپەڕو هەندێ قەدی تێپەڕو تێنەپەڕ پێکدەهێنرێن.

**ڕۆنانی ئاوەڵناوی بەرکاری دارِژاوی لە زمانی کوردیدا**

**کێڵراو ....... کێڵان**

**هەڵکراو ....... هەڵکردن**

**سوتاو ........ سوتان ( سوتا + و )**

**برژاو ....... برژان**

**لکاو ........ لکان**

**مردە ...... مردن**

**( کوشتە، کردە، هەڵبژاردە، ترشاو، خوێنراو، نوسراو، فرۆشراو.... هتد )**

**٢_ ئاوەڵناوی کراوی (بەرکاری ) لێکدراو :** ئەم جۆرە وشەیە یاخود ئاوەڵناوە، ئەگەر لە ڕووی واتاییەوە سەیری بکەین، کردەوەیەکی بە سەر داهاتووە، ئەم کردەوەیە بۆتە سیفەتێکی هەمیشەیی بۆ خودی ئاوەڵناوەکەو بە بێ ئەوەی بزانین یاخود زانیاریمان هەبێت، کە بکەری کردەوەکە کێیە، یاخود ئەوە کردەوەکەی بە سەر ئاوەڵناوەکەدا هێناوە چییە و کێیە. وەسفی ناو یان جێناوەکەی پێش خۆی دەکات، بۆ نموونە.

_ پوشی بابردوو کۆناکرێتەوە.

ئاوەڵناوی بەرکاری لێکدراوی (بابردوو ) لە وشەی ( با ) + چاوگی ( بردن ) + پاشگری ( وو ) پێکهاتووە، ئەم وشە بەم شێوە نوێیەوە، بۆتە سیفەتێکی هەمیشەیی بۆ وشەی ( پوش ) واتە بۆتە دەرخەری ناوی ( پوش ) و وەسفی ناوەکەی پێش خۆی کردووە.

**نموونەی ڕستەیی:**

**_ من کرێکارە ستەملێکراوەکەم بینی.**

**_ ئافرەتی دڵسوتاو پێویستی بە دڵنەوایی هەیە.**

**_ بە دوای کڵاوی بابردوو مەکەوە.**

**_ باڵندە گۆشتخواردووەکە دەکڕم.**

**دەکرێت، ئاوەڵناوی کراوی لێکدراو وەکو ناوی بەرکاری لە ڕستەدا بەکار بهێنرێت، ئەرك و تایبەتییەکانی ناو لە ڕستەدا ببینێت، بۆ نموونە:**

**_ ئارەزوو جەرگسوتاوەکەی بینیوە.**

**بە زۆری ئاوەڵناوی کراوی لێکدراو لەو چاوگانە وەردەگیرێت، کە تێپەڕن، بە تایبەتی چاوگە لێکدراوەکان، هەروەها لە چاوگی ئەلفی تێنەپەڕو هەندێ قەدی تێپەڕو تێنەپەڕ پێکدەهێنرێن.**

**ڕۆنانی ئاوەڵناوی لە کراوی لێکدراو زمانی کوردیدا**

**سورهەلگەڕاو ....... سور + هەلگەڕان + و**

**زەردهەلگەڕاو....... زەرد + هەلگەڕان + و**

**سەرتاشراو ....... سەر + تاشین + راو**

**بابردوو( ی، ە ) ..... با + بردن + وو ( ی، ە )**

**کۆچکردوو، گۆشتخواردوو، ماڵسوتاو، داگیرساو، سك سوتاو، بەکرێگیراو ..... هتد**